# ململانێی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٨ ی ئەمریکا!

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ساردو دەرکەوتنی ئەمریکا وەك تاکە جەمسەری بەهێزی سەر زەوی، هەموو پرۆسە سیاسیەکانی ئەو وڵاتە کاریگەرو جێی بایەخی تەواوی خەڵکی سەر زەمینن، بەتایبەتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لەو وڵاتە لەبەرئەوەی لەلایەك هەم خودی سەرۆك کۆمار هەم سیاسەتی ئەو وڵاتە زلهێزە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر چارەنوسی جیهانو هاوکێشە سیاسیو ئابوریەکان دەبێت. هەرچەندە نزیکەی زیاتر لە ساڵێکمان ماوە بۆ وادەی دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکان بەڵام لە ئێستاوە خەریکە سیمای کاندیدەکان بەدەر دەکەوێت. بۆ زیاتر ئاشنابوونی خوێنەرانی گۆڤاری زنار بە کاندیدەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا لەم کورتە باسەدا کە لەلایەن هاوڕێی ئازیزمان (هێرش عەبدول )لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا سازکراوە هەوڵ دەدەین کە کاندیدەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە پێناسەیەکی کورتدا بەئێوەی ئازیز ئاشنا بکەین.



**ئا: هێرش عەبدول**

بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگرەکەی کە چوار ساڵ جارێك بەرێوەدەچێت، لە(٤ تشرینی دووەمی ٢٠٠٨)دا هاووڵاتیانی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا روو دەکەنە سندوقەکانی دەنگدان. بەپێی یاسای ئەم وڵاتە سەرۆکی هەڵبژێردراو لەیەککاتدا دەسەڵاتەکانی بریتیە لەوەی کە سەرۆکی هەموو ویلایەتەکانو سەرۆکی حکومەتو فەرماندەی هەموو هێزە سەربازییەکانی ئەمریکاشە، بەڵام جێگرەکەی دەبێت بە سەرۆکی(٤٣٥) ئەندامی کۆنگرێسو(١٠٠)ئەندامی ئەنجومەنی پیران، کە ئەندامانی کۆنگرێسو ئەنجومەنی پیران نوینەرایەتی هاووڵاتیانی(٥٠)ویلایەتی ئەمریکان. لەمێژووی سیاسی ئەمریکادا هەڵبژاردنەکانی ئەم جارە دەبێتە ٥٥مین خولی هەڵبژاردنو سەرۆکەکەشی دەبێتە(٤٤) مین سەرۆکی ئەمریکا. بەپێی سیستەمی هەڵبژاردنەکە ئەوکەسەی دەبێتە سەرۆك پێویستی بە(٢٧٠)دەنگی ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی ویلایەتەکانەو بە پێچەوانەی سیستمی هەڵبژاردنی هەندێك وڵاتە کە پاڵێوراو ئەگەر زۆرینەی هێنا دەیباتەوە. کۆماریو دیموکراتەکان لە هەر ویلایەتێك کۆمەڵێك پاڵێوراو هەڵدەبژێرێت کە براوەی ئەو ویلایەتە دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی هەڵبژێردراوی ئەو ویلایەتە لەهەمان کاتیشدا هەر ویلایەتە بەپێی ژمارەی دانیشتوان ئەندام دیاری دەکات بۆ ئەو ئەنجومەنەو ئەو ئەندامانەشی سەرۆك و جێگرەکەی دیاریدەکات. لە هەڵبژاردنەکاندا هەریەکێك لە پاڵێوراوەکان پێویستی بە(١٠٠)ملیون دۆلارە بۆ پروپاگەندەی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان، سەبارەت بە هەڵبژاردنی داهاتووش بە بۆچوونی سەرۆکی لیژنەی چاودێری هەڵبژاردنەکان دەبێتە گرانترین هەڵبژاردن لە مێژووی ئەمریکا کە زیاتر لە یەك بلیۆن دۆلاری تێدەچێت ئەمە لە کاتێکدا بە پێی راپۆرتێکی ئەم لیژنەیە هەڵبژاردنەکانی ساڵی(١٩٩٦)تەنها(٤٤٨,٩) ملیون دۆلاری تێچووەو لە(١٩٩٦ دا٦٤٩,٥) دۆلاری تێچووە. بەبۆچوونی چاودێرانی سیاسی هەڵبژاردنی ئەم جارە لەبەر کۆمەڵێك فاکتەر ململانێیەکی زۆری تێدا دەبێت، هاووڵاتیانی ئەم وڵاتە هەست دەکەن ئەمریکا کۆمەڵێك دۆستی لێ تووڕەیەو پێیان باشە ئەو کەسەی هەڵیدەبژێرن ئەلتەرناتیفێك بگرێتە بەر بۆ گەرانەوەی شتەکان بۆ دۆخی جارانی.

**پاڵێوراوانی دیموکراتەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو**



**جۆی بایدن:** ئەندامی ئەنجومەنی پیرانە خەڵکی ویلایەتی دەلەوێرە، پارێزەرەو لە ساڵی (١٩٤٢)لە پەنسلڤانیا لە دایك بووە. کەسێکی بەرچاوە لە هەڵبژاردنەکان. ئەمریکیەکان پێیان وایە قسە زۆر دەکات، بۆچوونی بەرامبەر کورد زۆرباشە یەکێکە لە دۆستەکانی کوردو کوردی زۆر خۆشدەویت. بە بۆچوونی ئەو شەڕی عیراق هەڵەیەك بوو ئەمریکا کردی، زۆر ڕەشبینە بەرامبەر بوشو پێی وایە بوش کەسێکی شیاو نەبوە لە کاتی بریاردانەکە، لە کاتی هەڵبژاردنەکان زۆر جەختی لەو ووتەیە دەکردەوە کە بوش هیچ ستراتیژێکی نیە بۆ عیراق، پێیوایە شەڕی عیراق زۆر بی بەرنامە بوو زیانێکی زۆر گەورەی لە ناوی ئەمریکا دا. یەکێك لە دروشمەکانی بایدن ئەوەیە ئەگەر دەرچوو عیراق دابەش دەکات بۆ سێ پارچە کوردو سوننەو شیعە، هەر یەکێکیان دەبن بە خاوەنی هەرێمی خۆیان.



**هێلەری رۆدهەم(هالەری):** پاڵێوراوی دیموکراتەکانەو خێزانی بیل کلینتۆنی سەرۆکی پێشووی ئەمریکایە. پارێزەرو ئەندامی حزبی دیموکراتەکانە. بۆچوونی وایە ئەگەر سەرۆکی ئەمریکا بووایە لە ( ٢٠٠٢) هەرگیز بریاری شەری ئەفغانستانی نەدەداو زیادکردنی هێزەکان لە عیراق باشتر دەبێت بۆ ئێستای عیراق. بەرامبەر کورد گەشبینەو لەکاتی هەڵبژاردنەکان باسی کوردی کردووەو پێی وایە کورد دۆستێکی باشە بۆ ئایندەی ئەمریکا، بریاری داوە ئەگەر لە عیراقیش شکست بێنن ئەوە سەربازێکی زۆر لە هەرێمی کوردستان دەهێڵێتەوە بۆ پاریزگاری کردنی کورد لە وڵاتانی دراوسێ. هەندێك پێیان وایە

ئەمریکا ئامادە نییە بۆ سەرۆکی ژن بەڵام بە پێی ئەو راپرسیانەی دەکرێت بەختێکی باش یاوەریەتی لە هەڵبژاردنەکان.



**جان ئێدوارد:** دەرچووی زانکۆی کارۆلینایە بەکالۆریۆسی هەیەلە ساڵی (١٩٩٨ تا ٢٠٠٥ ) ئەندامی ئەنجومەنی پیران بووە لەسەر لیستی دیموکراتەکان، کاتێك ئەندام بوو لە ئەنجومەنی پیران دەنگی دا بە خەرجکردنی بودجە بۆ عیراق، لە دوای شەڕەکە پەشیمان بۆوە پێی وابوو چوون بۆ عیراق-ئەفغانستان هەڵەیەکی زۆر گەورەبوو، دەڵێت ئەگەر لەهەڵبژاردنەکاندا دەرچم هەموو هێزەکان لە ماوەی ساڵێکدا دەکێشمەوە لە عیراق، پێی وایە ئەمریکای ئێستا پێویستی بە سەرکردەیەکی ئەخلاقیە، خۆی زۆر پێ شیاوە بۆ ئەم پۆستەو لەهەڵبژاردنەکانی پێشوو لەگەڵ هاوبیرەکەی کێری شکستیان هێنا بەرامبەر کۆماریەکان. رای گشتی پێی وایە شیاوە بۆ جێگری سەرۆك نەك بۆ سەرۆك.



**باراك ئۆبامە:** پارێزەرو ئەندامی ئەنجومەنی پیرانە. کەسایەتیەکی زۆر گرنگی هەیە، رای گشتی ئەمریکا خۆشیان دەوێت قسەزانێکی باشە بەڵام چونکە رەش پێستە لەوانەیە ئەمە باش نەبێت بۆکاتی هەڵبژاردنەکان چونکە هەندێك لەرای ئەمریکا بڕوای وایە کە ئەمریکا ئامادە نیە بۆ سەرۆکی رەش پێست، ژیانی لە مەترسیدایەو میدیای ئەمریکا پێی وایە ئۆبامە رووبەرووی تیرۆر دەبێتەوەو ناگاتە کۆتایی هەڵبژاردنەکان، بۆیە لەماوەی هەفتەیەکدا ژمارەی پاسەوانەکانی زیادکردووە و زۆر لە ژیانی خۆی دەترسێت، ئۆبامە لە ٢٠٠٢ دەنگی نەداوە بە بەکارهێنانی هێز بۆ عیراق‌و ئەفغانستان چونکە ئەو کات ئەندامی ئەنجومەن بوو لە ئاستی ویلایەت نەك پیران پێشی وایە خەڵکی عیراق پێویستە بیر لە چارەنووسی خۆیان بکەنەوە، لەگەڵ کەم کردنەوەی هێزە لە ئایندەداو دەڵێت ژمارەیەکی کەم هێز دەهێڵمەوە بۆ دژە تیرۆر.



**بیل ریچاردسن:** لە(٢٠٠٣)وە تا ئێستا پارێزگاری نیومەکسیکۆیە یاساو سیاسەتی خوێندووە، کەسێکی دیارنیە لە هەڵبژاردنەکان بە رەگەز مەکسیکیە هیچ چانسێکی نابێت لەم خولەدا، بڕوای وایە هێز کێشەکان یەکلایی ناکاتەوەو لە کۆتایی (٢٠٠٧)یشدا دەبێت هەموو هێزەکانی ئەمریکا عیراق جێبێڵن، وای پێ باشە ئەمریکا هەوڵە دیپلۆماسیەکانی چڕترکاتەوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کەلە هێز باشترە، بۆچوونی وایە ئەگەر هەڵبژێردرام هێزەکانمان دەکشێنمەوەو دەسەڵات دەدەمەوە بە عیراقیەکان.

**پاڵێوراوی کۆماریەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو**



**سام براونباك:** پارێزەرەو تەمەنی(٥٠) ساڵە بەکالۆریۆسی هەیە لە زانکۆی کەنساس، زۆربەی پۆستەکانی ولایەتی کەنساسی وەرگرتوە لە ساڵی(٢٠٠٥)دەنگیدا بە ناردنی هێز بۆ عیراق ئەو کاتە نوێنەری کەنساس بوو لە کۆنگرێس پێی وایە عیراق دەروازەیەکە بۆ شەڕکردن لەگەڵ تیرۆر، زۆر پشتگیری سێ هەرێمی فیدراڵی دەکات بۆ عیراق، دژی پلانە تازەکەی بەغدایە، بەبۆچوونی ئەو هێز لەم کاتەی ئێستا چارەسەری عیراق ناکات، ئەگەر دەربچێت هێزەکانیان دەکێشێتەوە.



**ریودۆلف جولیانی:** تەمەنی(٦٢)ساڵە بەشی یاسای لە زانکۆی نیویۆرك تەواو کردوە، زۆر پلەی حکومی وەرگرتوە وەك قائیمقامی نیویۆرك لە(١٩٩٤ تا ٢٠٠١)ئەو کاتە ناوبانگی باشی دەرکرد، ساڵی کۆتایی بوو لەو پۆستەیدا کە سەنتەری بازرگانی نیویۆرك هێرشی کرایە سەر، ئامادە بوونی ئەو کاریگەری باشی جێهێشت لەسەر شەقامی ئەمریکی، جولیانی هاورایە لەگەڵ بوش بۆ شەری دژەتیرۆر پێی باشە هێزەکان زۆرتربکرێت بۆ باروودۆخی ئێستاو کشانەوە بە شکست دەزانێت بۆ ئەمریکا.



**جان مەکەین:** تەمەنی(٧٠)ساڵەو بە تەمەنترین پاڵێوراوی ئەم جارەی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکایە، دەرچووی ئەکادیمیای دەریاوانی ئەمریکایەو

بەکالۆریۆسی هەیە. ئەندامی ئەنجومەنی پیرانە نوێنەری ئەریزۆنا بوو لە کۆنگریسی ئەمریکا لە(١٩٨٣ تا ١٩٨٧)، کەسێکی بەرچاوە لەم خولەداو کۆماریەکان زۆر متمانەیان پێی هەیە، رای ئەمریکا پێیوایە کە دەبێت بە سەرۆك، زۆر پشتگیری بوش دەکات تاکو ئێستاش، رەخنەی زۆری هەیە لەسەر شەڕی عیراق لە رووی بەرێوەبردنیەوە پێی باش نیە هێزەکان بکشێتەوە ئەو پێی وایە شەڕی تیرۆر شەڕی نێوان راستو هەڵەو نێوان باشو خراپەیە، تیرۆر بە نەخۆشیەکی ئێستای سەردەم دەزانێت. دەڵیت ئەگەر عیراق جێبهێڵین لە ئایندەدا دەبێت بچینەوە.



میت رۆمەنی: تەمەنی(٦٠)ساڵە دەرچووی هارڤاردەو ماستەری هەیە لە ساڵی(٢٠٠٣ تا ٢٠٠٧)پارێزگاری ولایەتی ماسەچوسس بوو، سەرۆکی کۆمەڵەی هەموو پارێزگارەکانی کۆماریەکان بوو لە (٢٠٠٥ تا ٢٠٠٦)، کەسێکی بەرچاوە لە میدیاکانو شەقامی ئەمریکی زۆر حەز بە شێوەی دەکەن بەڵام لە هەمانکاتدا باوەری ئاینی ئەو بوە بە کۆسپ بۆی چونکە مۆرمان کە ئاینێکی تازەیەو لە( ١٨٣٠)دا دۆزراوەتەوە لەم ئاینەی ئەواندا دەتوانیت دوو ژن بێنیت، لە کۆمەڵگای ئەمریکی ئیستاشدا ئاینی مەسیحی زاڵترە بەسەر ئاینەکانی تردا. زۆر پشتگیری سیاسەتی بوش-ە لەشەری دژە تیرۆردا لەسەرەتای ساڵدا دەنگیدا بە زیادکردنی هێز بۆ عیراق، دژی پلانەکەی بەغدایەو بڵاوکردنەوەی دیموکراسی بە باش دەزانێت بۆ خۆرهەڵاتی ناوەراست.

## گوزارشت

# میدیای کوردیو ئاراستەکانی



**هێرش رەسوڵ دەینووسێت**

رەوشی دوای روخانی رژێمی بەعس پەنجەرەیەکی بەڕووی دەنگی جیاوازکردەوەو بەرادەیەکی باشتر لە جاران هێزە سیاسیەکانی ناچارکرد بۆ قبوڵکردنی ئەو دۆخە نوێیەی کە قۆناغەکە لەگەڵ خۆیدا هێنای، ئەمەش وەکو تەقینەوەیەك وابوو لە ئەنجامی پەنگخواردنو خۆخواردنەوەیەکی زۆر، بەڵام وەنەبێ ئەم زۆریو بۆرییەش بێ کێشەو کەموکوڕی بێت یان نیشانەی ئەوپەڕی دیموکراسییەت بێت، وەك هەمیشە حیزبو دەسەڵات ئیدعای بۆ دەکەن، بە پێچەوانەوە وەکو (بەختیار عەلی) دەڵێت: "ئازادی ئەوکات بەرقەرار نابێت کە سەد رۆژنامەمان هەبێت بۆ سەد بیرو بۆچوونی جیاواز، بەڵکو ئەوکات بەرقەرار دەبێت کە چوار رۆژنامەمان هەبێت بۆ بێشومار بیروبۆچوون"، هەروەك سەرەتای کێشەکان لێرەوە دەست پێدەکەن، لەبەرئەوەی هەستدەکەین رۆژنامەی حیزبی لە پاشەکشێیەکی بەردەوامدایە لە بەرامبەر رۆژنامەی ئەهلیو ئازاددا. ئەو فۆرمە ئیشکردنو مۆدێلە رۆژنامەوانییەی کەلە کۆمەڵگای حیزبیدا دەست بەکارە، تەواو پێچەوانەی ئەو مۆدێلانەیە کە بە مەبەستی بنیاتنانو پیادەکردنی دیموکراسییەت بەرقەرارن، چونکە رۆژنامەیەك خولیای دیموکراسییەت ئیدارەی بکات لەگەڕانی بەردەوامدایە بەدوای هەواڵو زانیاری هەنووکەییدا کە سەرنجی خوێنەر راکێشێتو بەسودی کۆمەڵگا تەواوبێت، کەچی رۆژنامەی حیزبی بەدوای هەواڵو زانیاریی هەنووکەیی نەدۆزراوەدا ناگەڕێت، بەڵکو وێڵی دوای خوێنەرێکە کە تاقەتی بیستنی هەواڵو حیکایەتە حازرەکانی حیزبی هەبێت، لە کاتێکیشدا هەر لە کێشەکانی ناوخۆی حیزبو دەسەڵاتیش زۆر بابەتی گرنگو هەستیارو پەیوەست بە ژیانی هاووڵاتیان هەن کە لەو جۆرە رۆژنامانە بوونیان نیەو کەچی هەمان بابەت بوونەتە مایەی رمێنو فرۆشی بۆ رۆژنامەی ئەهلیو کراوە!

کەواتە دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی میدیای کوردی دوو ئاراستەی هەیە، یەکێکیان حیزبیو ئەویتر بە ناوی ئەهلیو سەربەخۆ، بەڵام پرسیارەکە لێرەوەیە ئاخۆ ئەو رۆژنامانەی بە ناوی ئەهلیبوونەوە خۆیان ناساندووە تاچەند خاوەنی شوناسی راستەقینەی خۆیانن؟ تا چ ئەندازەیەك تەنها ئەهلیبوونیان کردۆتە دەمامکێكو رووی راستەقینەی خۆیانیان پێداپۆشیوە؟ بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دەکرێ رۆژنامەیەکمان هەبێت زمانحاڵی حیزبێك یان ئۆرگانێکی حیزب یان دەسەڵات بێت، لە هەمانکاتیشدا رێگە بەخۆی نەدات هەواڵی تەشریفاتی بڵاوبکاتەوە، یان تارادەیەکی باش دەستکراوە بێت لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی گرنگو بابەتی ئازایانەو رەخنە، رووبەرێکی فراوان بۆ دەنگو رەنگی جیاواز بخولقێنێت، لەبەرئەوەی نابێ بیرمان بچێت کە رۆژنامە رۆڵی میکانیزمێك دەبینێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاریو هەواڵو بیرو بۆچوونی جیاواز، کاری سەرەکی ئاگادارکردنەوەو بەخشینی زانیارییەو ئینتمای رۆژنامەنووسی بۆ پرەنسیپەکانی کاری پیشەیی رۆژنامەوانییە. بەشێکی گەورەی کاری رۆژنامە بریتییە لەئاشکرا کردن، بەڵام داخۆ حیزبو دەسەڵات لای ئێمە تاچەند شەفافن؟ تاکوێ دەرگاکانی دەستکەوتنی زانیاری بۆ رۆژنامەکان کراونەتەوەو هەقی زانین بۆ رۆژنامەنووس فەراهەمکراوە؟

⋆ خوێندکاری ماجستێر لە میدیاو رۆژنامەنووسی



## عومەر یوسفی:

# من دژی ناسیۆنالیزمم، هاتووم تا لەزهنی دۆستو دوژمنان دەریبهێنم

**زنار: دەخوازین سەرەتا ژیانی خوتمان بۆ باس بکەی**

یوسفی: پیرێژنێك دەیگووت مرۆڤ لەهەر ئاستێكدا بێت كەباسی خۆی كرد خۆی بچووك دەكاتەوە، منیش هەر ئەو بیروباوەوەم هەیە، بچووك كردنەوەش بەومانایە كە هەر كاتێك یەكێك خۆی هەڵكێشا ئاستی خۆی لەبەرچاوی خەڵكی كەم دەكاتەوە، چونكە خۆهەڵكێشان بەرهەمی ئەو كەمایەتیەیە كە لەناخدا هەیە، بەڵام هەموو ئەوانەی بیرەوەریەكانی خۆیان دەنووسنەوە دەروبەر هانیداون بەو پیرێژنەشەوە. دیارە ژیانی هەریەكێك لە ئێمە رۆمانێكە ئەگەر بنووسرێتەوە كۆتایی نایەت، هەندێك لە حاڵی خۆیان نارازین كە پڕیەتی لەمەینەتو ئازار، رۆمانی چاك دەبێ تەژی بێت لەكارەساتو روداوو چەرمەسەریو لەهەمان كاتدا خۆشو رووداوگەلێك كە لەپڕ دێنە پێشەوەو چاوەڕوان نەكراون. ئاڵەو روانگەوە بوو حەزمدەكرد كەژیانی خۆم كەپڕواپڕ لەدەربەدەریو مەینەتو ناهەمواریە بنووسمەوە،زۆرێكیش هانیان دام بۆ ئەوكارە، لەهەمان كاتدا هەبوون دەیانگووت جاخۆ تۆ سەرۆكی وڵاتێك نی تابیرەوەریەكانت یاخود یاداشتەكانت بنووسیتەوە، بێخەبەر لەوەی ژیاننامەی سەرۆكانی وڵات هەرگیز تامی ژیاننامەی هەژارێكی لەمەڕخۆمان نادەن. ئەوەی زۆری وەدواخستم دووشت بوون، یەكیان ئەوەیە لاپەڕەیەك چیە یاداشتم نەكردووە، دووەمیش دەردی لەبیرچوونەوەم هەیەو دەبێ زۆر خۆم هیلاك بكەم تا هەموو شتەكان بخەمەوە نێو یادەوەریمەوە، بەهەرحاڵ بەنیازم لەمەودوا ماوەیەك خۆم سەرگەرمی ئەم كارە بكەم.... من لەمەلا خدری مەیوسف وەپاشكەوتووم یانی كوڕە مەلام پشتاوپشت لەبەرێوەو لەپشتێوە، مەلاش قەرەجێكی موحتەرەمە، بۆ بژێوی ژیانو بەڕێوەبردنی كارەكەی ناچار بووە شارەوشارو گوندەو گوند بكات، كاتێكیش لەگوندی بەرگوردی(باكوری شاری سلێمانی) دەگیرسێتەوە، منیش دێمە دنیاوە ئیدی لەو رۆژەوە گەچاوم هەڵێناوە وەكو گەڵیشك بەدوای باوكمانەوە بووین، بە بیرم دێت چوینە یاران بەگی، دواتر بۆ چەمی رێزان، ئەڵلاییو دواتر بۆ خێوتەو ئەوجا لە گەرەكی جولەكانی سلێمانی لەساڵی١٩٦٠ نیشتەجێبووین. باوكم وێڕای مەلایەتی پێڵاوودووریو كشتوكاڵیشی دەكرد، ئەو پێڵاوەی ئەودەمی لەپێمدەكرد پاشاش لەپێی نەبوو. دواتر ماڵمان هاتە قەڵادزێ لەوێ نرامە بەرخوێندن تا پۆلی چوارەمی گشتی بەردەوام بووم، رۆژی چوارشەممەی ٢٤/٤/١٩٧٤ لەقەڵادزی دراو دەربەدەربووین لە پێشدا بۆ گوندی خانەڵەی بناری ئاسۆسو دواتر بۆئێران لەوێ پۆلی پێنجەمی وێژەییم خوێندو تەواوم نەكرد. بەهۆی رێكەوتننامەی شا لەگەڵ سەدام حوسێن لە جەزائیر ئەوكاتە هەواری بۆمدیان سەرۆك كۆماری بوو، شۆڕشە مەزنەكەی كورد كە سەردارێكی گەورەی وەكو﴿مەلا مستەفای بارزانی﴾رابەری بوو تووشی نسكۆ بوو. دیارە ئەمریكاش لە پشت ئەم رێككەوتنەوە بوو، پاش ساڵێك مانەوە واتا ساڵی ١٩٧٦ گەڕاینەوە عێراقو لەرێگەی خەسرەوییەوە، بەڵام دووریان خستینەوە بۆ پارێزگای دیوانیە - قەزای شامیە - گوندی السریع. ساڵێكو پێنج مانگ دواتر لە ژێر فشاری نەتەوە یەكگرتووەكان گێڕایانینەوە بۆ شوێنی خۆمان، بەهۆی پێنەدانی دەفتەرخدمە نەمتوانی لە خوێندن بەردەوام بم، دواتر بۆ ماوەی ساڵێك لەكارگەی قیری گردمەیتەر دامەزرامو دووكانی خەتخۆشیم كردەوە لەساڵی ١٩٨١ شەڕی شەڕی عێراق - ئێران دەستیپێكردو دیسانەوە ئاوارە بوومەوە لە ١٠/٥/١٩٨٢ پەیوەندیم بە حیزبی سۆسیالیستەوە كرد. واتا ئەو رۆژەی رژێمی عێراق لە زیندانی دۆڵەتووی داو كەسی تیا دەرنەچوو. لەگەڵ (سەعد عبداللـه) راگەیاندنمان بەڕێوەدەبرد، لەهەمان كاتیشدا جێگری بەرپرسی ناوچەی پشدەر بووم، لە ١٠/٥/١٩٨٣ بەهۆی شەڕی قرناقەو پشتئاشان وازم لە شۆڕش هێناو گەڕامەوە ژێر دەسەڵاتی رژێمو هەر فیرار بووم، لەساڵی ١٩٨٤ بەدواوە بەردەوام خەریكی رێكخستنی ئیسلامی بووم دواتر لەساڵی ١٩٨٧ پەیوەندیم بە بزوتنەوەی ئیسلامی كرد، لەساڵی ١٩٩١ بوومە بەرپرسی تیپی یەكی برایەتی لەساڵی ١٩٩٤ بوومە ئەندامی راگەیاندنی ناوەندی لەهەڵەبجەی شەهید، ساڵی ٢٠٠٤ بەشداری تاقیكردنەوەی وەزاری پۆلی شەشەمی وێژەییم كردو دوای ٣٠ساڵ دابڕان لەخولی یەكەم بە مەعەدەلی ٦٥دەرچوومو لەپەیمانگای مامۆستایانی رانیە وەرگیرامو لەبەشی ئینگلیزی خوێندمو ئێستاش مامۆستای ئینگلیزیو لە٢٠٠٥ لەكۆنفرانسی هەشتدا بە ئەندامی سەركردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی هەڵبژێردرام.

**زنار: وەكو ئەندامێكی سەركردایەتیو بەسەر بردنی تەمەنێكی زۆر لەگەڵ ئەو حزبە سەبارەت بە بزوتنەوەی ئیسلامی لە ئێستادا دەڵێی چی**

یوسفی: بزوتنەوەی ئیسلامی زەروورەتێكی مێژوویی دروستی كرد، وێڕای ئیرادەی كۆمەڵێك موسڵمانی فیداكارو لەخۆبردوو، لەسەروو هەمووشیانەوە مامۆستا مەلا عوسمان عبدالعزیزی گەورە مجاهیدو خواپەرست. زەرورەتێكی مێژوویی بەومانایەی كە ناكرێ گەلێك كە ئاینەكەی ئیسلام بێت بەڵام حیزبێكی ئیسلامی نەبێتو هەر حیزبو گروپێك كە گۆرانكاری لە چواردەورمان دروستیكردوون عەلمانی بن، رەوابێت، كۆمۆنیستو

سۆسیالیست، دیموکراتیو ناسیۆنالیستیو تادوایی هەبن بەڵام یاساغ بێت موسڵمان چوارچێوەیەکی سیاسیان هەبێت کە هەم دینەکەی خۆیان جێبەجێبکەن، هەم سیاسەتیش بۆ گەلەکەیان. بەڵگەنەویستیشە، حیزبو لایەنو تەنانەت تاکە کەسیش گەر ئیمانێکی نهێنی جڵەو کێشی نەکات، ناتوانێت خۆی بگرێت، خیانەت نەکات،فێڵ لەماڵو سامانو دۆستانی نەکات. وێرای ئەوە خەباتکردن بۆ چەوساوان، کلۆڵو ژێردەستان تەکلیفی شەرعیە، هەروەکو چەوسانەوەی گەلان سەرکەشی گومراییو یاخی بونە لەخواو پەیامەکەی. موسڵمانانیش نەك هەر بەدەرنەبوون لەو چەوساندنەوەی کەلەلایەن حزبی بەعسەوە ئەنجام دەدرا، بەڵکو پشکی زێدەتریشیان هەبوو. هەواڵێکی ناو کۆشکی کۆماری دزەیکردە لامان(هەڵبەتە لەوێ کەسانێك هەبوون هەواڵیان بۆ دەناردین) سەدام لە ئاخرو ئۆخری ژیانی سیاسیدا گوتبووی لە یەکێتیو پارتی خۆش ببین بەڵام لە بزوتنەوە خۆشنابین، چونکە ئیسلامین. دیارە دەبوو عەقڵی سەلیم حاکم بایەو بزوتنەوەش بەزەروور زانرابا، چونکە ئەگەر خەباتو بەربەرەکانیو دیفاع کردنیشی لێدەرکەین، ئەوا پارێزەری ئەخلاقی کۆمەڵگای کوردەوارین، بۆ دەمکوتکردنەوەی دووژمنانی کورد کە گەلی کورد بە گەلێکی یاخی لەخوا ناوزەد دەکەن، دیسانەوە پێویستیەکی گرنگ بووین، ئێمە پێمان وایە ئیسلام واتای دەربازکردنی گەل لەهەموو تاریکیەك. هێزێکی تۆکمەو فیداکار هەبوو کە دەکرا لە رۆژانی تەنگانەدا بەکاربردرابایە، وەکو ئەمڕۆ کە تیرۆرستان هەڕەشەی توانەوەی حکومەتی هەرێم دەکەن، تورکیا دەخوازێت سەروەریەکانی میللەتێك پێشێل بکات، ئینتیحاریانە بەگژیان دادەچووین، ئێستا فەرزە لەسەر هەمووومان دیفاع بکەین، بەڵام ئەو کات بەهێزێکی توندوو تۆڵترەوە دەمانکرد.

**زنار: ئەو هێزە تۆکمەیەتان نەمابۆ**

یوسفی: بەر لە هەمووشت قاڵنەبوونی بەرپرسانو ئەندامانو تەنانەت پێشمەرگەش لە سیاسەتدا کە خۆی لەخۆیدا هونەرێکی زۆر هەستیارو لە هەمانکاتدا دژوارە. بەداخەوە موسڵمانان دەرکی سیاسیان زۆر لاوازە، ئایندەشیان نیە، کەسێك لەناویاندا هەڵکەوێتو مامەڵەی سیاسەت بکات بە تێڕوانینێکی دووربیانەنەوە بە پێچەوانەوەی لێحاڵی دەبن. تاکتیك لە پێناو ستراتیژدا هەزم ناکەنو دەبێ روونو ئاشکرا بڵێی زستان ساردە، ناکرێ بڵێی بەکۆتایی هاوین گەرما کارایی خۆی لەدەست دەدات. بە دوای رواڵەت دەکەون، واتای تەنها زاهیری رووداوەکان دەخوێننەوە، لەسوودی ئیسلامدابوو دەڵێن باشە، دەنا رەتی دەکەنەوە. نمونەمان زۆرە حزب اللەی لوبنانی کە لەلایەن خەڵکێکەوە بە ئامانجی شیعەگەری تەیار دەرکێن، چوار تۆپی ئاوای ناو ئیسرائیل کرد لێرە زەماوەندیان بۆ گێڕا، خۆپیشاندنایان بۆ سازکردن لەکاتێکدا شکستێکی گەورەیان بەخۆیانو رێکخراوە فەلەستینیەکاندا، خاکی لوبنانیان بەوێرانکردن دا، کەچی باسیان لەسەر کەوتن بەسەر جولەکەدا دەکرد، من لێرەهەڵوێستی پێچەوانەم هەبوو هەوزار دیعایەیان بۆ کردم دەیانگووت بۆتە پارتی، لایەنی ئیسرائیل دەگرێ. چونکە حەقیقەتی ئەو جەنگەم دەکرد، هۆکارو ئەنجامەکانیم لێك دەدایەوە. تادواتر(حسن نصرالله) پەردەی بێدەنگی دڕیو گووتی (هەڵەمان کرد، نەمدەزانی ئیسرائیل لەسەر دوو سەرباز ئەوکارەساتە دەنێتەوە). دواتر ئێمە هێزێکی زەبەلاحمان ئیدارە دەکرد ئەمە هۆکارێکی گەورە بو بۆ دەستتێوەردانی دەرەکیو لەسەرتاوە لە وڵاتانەوە پلان لە دژمان دەستیپێکرد، رۆژنامەنوس دەهاتنو چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بەرپرسە سادەکانمان دەکرد ئەوانیش چونکە ئەزمونێکی ئەوتۆیان نەبوو، هەرچی بن بەرەیە بۆیان دەخستنە سەر بەرە، لەژمارەی چەکدار، هێزو برە چەكو لایەنی لاوازو شوێنی هێز، ئەوانیش یاداشتیان دەکردو رەوانەی سەرویخۆیان دەکرد. لەناوخۆش بەدروستکردنو کڕینی خەڵکێك لەناو خۆماندا دەستیپێکردبوو بە زەبری پارەو تەماعی دەسەلات ژێر بەژێر تەیاردەکرانو پارەوپولیان دەدرایە تا کاربەوە گەیشت بەرپرسێکی حزبی گەورە بڵێت( بزوتنەوەی ئیسلامیمان ئەڵغام رێژ کردوە).خاڵێکی دیکە مەسەلەی بێعەدالەتی لە دابەشکردنی پارەو بەرپرسیاریەتیدا، دیارەی موئامەرەی نێوخۆمان هۆکاری ئەو بێعەدالەتیە بوون. هەوڵ دەدرا کەسانێك کە بڕیاری رابەریان جێبەجێ دەکرد، بەهەر پیلانێك بێت دووربخەنەوەو لاوازیان بکەن.

**زنار: ئەوانە کێ بوون**

یوسفی: لەنێو بزوتنەوە کۆمەڵێك کەسایەتی دیار هەبوون، هەریەکەیان ئاوازێکیان دەچڕی. کرێکار لەبیری حیزبێکی خۆیدا بوو، بەهێزێکەوە جیا دەبۆوەو حەوتوی نەدەچوو دەیانهێنایەوە. عەلی باپیر ئەوە هەر خەریکی سازماندانی کۆمەڵێك عەقڵ قوڕمیشکراوبوو. بە بیرم دێت لە کوێستانی قەندیل نیوەرۆیەك میوانی(جیهانگیر ئاغا) بووین لەوێش هەر باسی مەلا عوسمانو مەلا عەلی دەکردو زەمی دەکردن، پێی گووت(بەم ریشەی من دەکەی واز لەدووبەرەکی بێنە، لەچاو ئەوان بۆنی شیری خاوت لەدەم دێ). هەڵبەتە هۆکاری شەڕی ناوخۆشو بەتایبەتی شەڕی هەڵەبجەو کەمتەرخەمی هەندێك بەرپرسان لەم شەڕەداو لەدەستدانی شارەزوور کە بۆ ئێمە رەگی حەیات بوو وای لە ئێمە کرد لە حکومەتی ئەوسای پارتی بکشێینەوەو بچینە ناو حکومەتی یەکێتی، ئەویش رۆژ لەدوای رۆژ گەمارۆی لێتەنگ دەکردینەوە تاوای لێهات هاوکاری(عەلی ئاغا)ی کرد کە جیاببێتەوەودواتریش بوودجەی بزوتنەوەیان بەیەکجاری بڕی، لەگەڵ ئەوەشدا چاك ئەوەمان دەزانی لەو بەربەرکانیەدا پارتیو حکومەتەکەی بەرەندەیە بەڵام دەستمان پێ لە شارەزوورو بەتایبەتی هەڵەبجە کە ناوچەی تایبەتی بزوتنەوە بوو هەڵنەدەگیرا. نەشماندەویست وەکو سۆسیالیست دابەشی هەردوو حکومەتەکە ببین؛ بوودجەیەکی تریشمان هەبوو لەژێر ناوی (اغاثة اسلامی) کە یارمەتی هەتیوانمان لێدەدا، دەکرا ئەگەر مابایە کەڵکمان لێوەرگرتبان بەڵام هەرزوو عەلی قەرەداغی ئەندامەکانی هەڵگێڕایەوەو بودجەکەی بۆ یەکگرتوو دزی. لە بیرمە مامۆستا مەلا عوسمان لەسەر ئەم کارە زللەیەکی سرەواندە بناگوێی قەرەداغی جامانکەی چەند مەترێك فڕێدرا.

**زنار:ئامادەن لەگەڵ کۆمەڵ یەکبگرن**

یوسفی: کۆمەڵ هەسارەیەکی بچووکە لە کۆمەڵەی خۆر جیابۆتەوە، لەسەرگەردانیدا دەخولێنەوە، خاوەنی ئایدیایەك نین هەروەکو دڵشاد گەرمیانی دەڵێ. میحوەریان عەلی باپیرە، ئەویش دەست پەروەردەکانی خۆی، دەنا نەهزەکان شتێکی دیکەیان لە کەللەدا کەڵەکە بووە. تێپەڕینی زەمان شتی سەیریان لێئاشکرا دەکات، هەروەکو ئەوەی عەلی باپیر تەحەددای دەکرد کەچی دواتر لەژێر فشاری دیکۆمێنتە لەعنەتیەکاندا ناچار خۆیو حزبەکەی پینەو پەڕۆیەك بکەنو بڵێن: ئەوە هەر ئێمەنین پەیوەندیمان بە بەعسەوە بووە، بۆ ئەوەی گورگان خواردوو نەبین گفتوگۆمان لەگەڵدابوون. ئامادەی یەکگرتنەوەمان لەگەڵیاندا نیە، بەنهێنی هەوڵیان داوە، ئەوان درێژە پێدەری سەروەریەکانی ئێمەنو لە هەڵەو خراپەکانماندا برابەش نین، ئێمەش نامانەوێت لەو پەیوەندیە ژێر بەژێرانەی ئەوان ببینە هاوبەش. با ئەوان جارێ خەریکی پینەو پەڕۆی خۆیان بن، بەو خەیتەی معاویە کە لەگەل بەعسدا هەیانبوو لەکاتێکدا خەیتی معاویە تەنیا ئەسحابەکانی پێخنکاو بەس.

**زنار: ئەی دەنگۆی ئەوە هەیە مامۆستا مەلا سدیق دەکەنە رابەر**

یوسفی: ئێمە کێشەی رابەرمان نیە، عێراقی کۆنیش نین مەلیکمان لە ئوردونەوە بۆ بێنن. لیژنەی رابەڕیمان پێك هێناوەو داخوازیشمان کردووە ئەوانەی بەهەر بیانوویەك وازیان هێناوە یان لەچالاکی سست بوون بێنو بزوتنەوەکەی خۆیان جۆش دەنەوە. لیژنەکەش پێکهاتوون لە بەڕێزان کاك( کامیل حاجی عەلی، مامۆستا مەلا محمدی وەزیر، کاك ئەنوەر عەنەبی) لە شەش مانگی داهاتووشدا ئامادەکاری کۆنفرانسێك دەکەینو پێمان باش بوو رابەر هەلدەبژێرین یا درێژی دەکەینەوە، مەلا

سدیق وازی هێناوە، لە سیاسەتدا هەمیشە فاشیل بووە.

زنار: لەنوسینو قسەکانتدا بۆنی ناسیۆنالیزم دەکەین، ئێوە پەیڕەوی لەم سیستەمە دەکەن

یوسفی: کاری من جگە لەڕەتکردنەوەی ناسیۆنالیزم شتێکی دیکە نیە، من دژی ناسیۆنالیزمم، هاتووم تا لە زهنی دۆستو دوژمنان دەریبهێنم، کوردێك چیە دەستم ناکەوێت ناسیۆنالیزم بێت بەعەلمانیو ئیسلامیەوە، ئەسڵەن کورد بەم قەدو قەوارەی کە هەیەتی ناتوانێ نەتەوەگەری بێت. ئەوەی ئەو گومانە دەبات خواری تێگەیشتوە؛چونکە ماناو چەمکەکانی ناسیۆنالیزم روونو ئاشکران: بە گەورەزانی گەلی خۆتو تەحقیرکردنی بێگانە، خۆهەڵکێشان بە سەروەریەکانی خودیو بەسووك تەماشاکردنی سەروەریەکانی گەلانی دیکە، داگیرکردنی خاكو کەلتووری گەلانو خۆهەڵکێشانە بەسەریاندا، چەوساندنەوەیانو بەسووك روانین بۆیان. زەوتکردنی مافی گەلانو پێنەدانی حەقی خۆیان، بەگەورەزانینی سەردارانی کۆنو نوێو بە سووك زانینی سەروەرانی گەلان. ئەمانە ئەلفو بێی نەتەوەگەرین، چیمان هەیە لەوانە تا ناسیۆنالیستی بین.

زنار: ئەی بۆ هەمیشە باسی کورد دەکەنو، بۆ باسی گەلێکی دیکە ناکەن

یوسفی: گەلی ژێر دەستە ناتوانێت باسی گەلان بکات چونکە باسەکەی ئیعتباری نیە، چونکە خۆی نیە تا باسەکەی قەدرداربێت، کە باسی نەتەوەکەشم دەکەم مانای وانیە ئیدی ناسیۆنالیزمم قبوڵە، دەمەوێ لە زوڵمی زاڵمانی چواردەووری رزگاری بێت، دەمەوێت ئەو ناسیۆنالیستە داگیرکەرانەی کوردستان، بەجیاوازی رەنگو نەژادو زمانیانەوە دەست لەگەلەکەم هەڵگرن، چیدی حەقارەتی پێنەکەن، گەلی من بەسووك نەزانن. ناسیۆنالیزمی عەرەبیو فارسیو تورکی بەسەدا فەرز نەکەن، خوا دەفەرموێ: انما انت منذرو لکل قوم هادی.

زنار: بەڵام بەلای ئیسلامیەکانەوە ناوهێنانی کورد دانانی خەتی رەجعەیە بۆ ناسیۆنالیزم

یوسفی: ئێمە ئەمڕۆو لە رابردووشدا هەروابووە، گرفتاری مالۆسیەتی فیکرین، هیچ گەلێکم پێشك نایەت وڵاتی دابەشی چوارپارچە کرابێت، هەمیشەو بەردەوامیش پیلانو گەلەکۆمەی لێبکەن، کەچی لای ئەو وەك نەبای هاتبێو نەبۆران. لەوەش بەدەر لەناو ئاپۆرەی خەڵکیدا ئەگەر یەکێك هەزمی نۆکەریو ژێردەستی پێنەکرێ؛ نەخشەی کوردستانی گەورە لەسەر دڵی خۆی بکێشێ ئەوا دەکەوێتە بەر توانجو تەشەر. ناسیۆنالیستی سەد قات باشترە لە بێگانە پەرستی. ئێمە لە کوردستاندا گرفتاری عەرەبو تورکو فارس نین، لەگەڵ ئەو گەلە کوردە بێهۆشو گۆشە رووبەڕووین کە کونجی قەناعەتی گرتوەو رازیە بەو چارەنووسەی دووژمنان بۆیان دیار کردووە، ململانێی ئێمە لەگەڵ نوخبە رۆشنبیرەکەی کوردە، بەدکتۆرو سیاسیو محامیو ئەفەندی سانەویەوە، دەبێ موناقەشە لەگەڵ ئەوانەدا بکەی کە کورد گەلێکی سەربەخۆیەو پێویستە دەوڵەتی خۆی هەبێت! چ موسیبەتێك لەوە گەورەترە، کوردەکە نۆکەری پێباشتر بێت لە ئازادی. ئاخر ئەم عێراقە بۆگەنە لەساڵی ١٩٢١دا دروست بووە، واتا چەند ساڵێك دوای جەنگی جیهانی ئێمەیان پێوەلکاندوە. هەزار بەهانە دەکەن تا عوزر بهێننەوە بۆ مانەوە لەژێر دەستەیی: هەلو مەرجی نێودەوڵەتی، نەبوونی سنووری ئاوی، بوای ئابووری......هتد، لە کاتێکدا من تەنیا دەیگێڕمەوە بۆ ئەو مالۆسیەتە فکریەی کە سەرتاپا بوونی کوردی داگیرکردوە، هیچ هێزێك نیە بتوانێ لەبەرامبەر هاواری گەلاندا خۆی گرێت، کە جورئەتی کردو لێبڕا بۆ ئازادی. ئاوەزی کوردی داخراوە، ئەگەر هیچ هۆکارێکیش نەمێنێو هەرچی دەوڵەتی دنیا هەیە لێك بڵاوبێت ، سەربەخۆیی خۆی راناگەیەنێتو دەگەڕێ بۆ ئەوەی شتێك بدۆزێتەوە لەژێر سێبەریدا بێت، دۆلفین دەعبایەکی زەبەلاحە لەدەریادا دەژی کە شتێکی بەدڵ نەبوو، کارەساتێك رووی تێکردن، بەکۆمەل خۆیان بەکەناردا دەدەنو ئینتیحاردەکەن، واتا عاری ژیانێکی سەرشۆڕیان قبوڵ نیە. لەمانەش بەدەر کەسانێك کە دوو نوێژیان کرد، ئیدی پێیان وایە دەبێ لەبرا زاڵمەکانمان جیانەبینەوەو نۆکەریان بین ئەوە چیە نوێژ دەکەن.

زنار:کێشەی دوعا لەم ماوەیەدا تەواوی عەلمانیو ئیسلامیەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵکرد، تۆ سەبارەت بەو رووداوە رات چیە

یوسفی: دنیاکەمان فۆرمی ئەشکەوتی وەرگرتووە، عەقڵەکان بەردەوام قوڕمیش دەکرێن، کەم کەس هەیە بیربکاتەوە، گوێ لە خەڵکی دیکە رادەگرن، گەنالەکان دەکەنەوە، دوایی هەر ئەوە دەجونەوەو کاوێژی دەکەن کە خەڵك گوتویەتی. ئەمە لەحاڵێکدا عەوارزو کاریگەریەکان رۆڵ دەگێڕن لە بەدیهاتنی هەر دیاردەو رووداوێکدا. بۆ ئەم دەربرینانە پێویستە ئەو کاریگەریانە بزانرێت، پێشبینی بۆ ئایندە بکرێت، راستو ناڕاستیەکان تاوتوێ بکرێ، ئەمجا زیانو سوودەکانی شێوازی دەربڕینەکە لێك بدرێتەوە. کێشەی دووعا جیا لەوەی کارەسات بوو، تاوانێك کەحاشا هەڵناگرێ، ئیمتیحانی تەواوی عاقڵەکانیش بوو، کە بەداخەوە زۆربە تێیدا راسب بوو. دوعایەك بەهەزار نوشتوو عاشق دەبێت، ئەویش بەڕەگەزێکی جیا لە پێکهاتەی

**بوودجەیەکی تریشمان هەبوو لەژێر ناوی (اغاثة اسلامی)کە یارمەتی هەتیوانمان لێدەدا، دەکرا ئەگەر مابایە کەڵکمان لێوەرگرتبان بەڵام هەرزوو عەلی قەرەداغی ئەندامەکانی هەڵگێڕایەوەو بودجەکەی بۆ یەکگرتوو دزی. لە بیرمە مامۆستا مەلا عوسمان لەسەر ئەم کارە زللەیەکی سرەواندە بناگوێی قەرەداغی جامانکەی چەند مەترێك فڕێدرا.**



کۆمەڵگاو خانەوادەکەی، جیا لەو دابو نەریتە دەفگرتووەی کە بەرلەو سەدان جار تاقیکراوەتەوەو هەمان ئامانجی داوە بەدەستەوە دێت لەژێر دار زەیتوون مومارەسەی ئەو ئەویندارىو ئارەزووە دەکات، کە لەلایەن خەلکی خۆیانەوە دەبینرێت کارەسات دیمەنەکانی خۆی نمایش دەکات. ئیدی دەمە بێمەسئولیەتەکان، قەڵەمە بەرەڵڵاکان دەکەونە خۆ، لەولاشەوە موئامەرەچیان چنگ بەخوێن هەل دەقۆزنەوەو زەبری تاوان توانی سێ دەکەن، ئیسلامیەکان بێ ئەوەی لەخوا بترسن، بێ ئەوەی دەلیلیان لەدەستدا بێ دوعا دەکەنە تۆبەکارو ئەسحابەو حەواڵەی پەنا حەزرەتی مریەمەی دەکەن، بێخەبەر لەوەی کە سبەی ووردەکاریەکان ئاشکرا دەبنو بۆچوونەکان پوچەڵ. باوکی کچە دەڵێ دینو موسڵمان بوون لەئارادا نەبووە، ئەو قورمساغەی ئەو کچەشی بەو دەردەبرد عارەبێکی بەرەڵڵایەو هەمان شت دووپات دەکاتەوە کە کاری ئێمە دڵداری بووە، فری بەسەر دینو خواپەرستیەوە نەبووە، بەڵام کوا خەڵکی بێدەنگ دەبن تەلەفۆنم بۆ مەلایەك کردو پێم گووت: باشە ئەگەر ئەو شتانەی دەیلێن وانەبوو، ئەو کاتە چی وەلامی خەڵك دەدەنەوە، گووتی: ئەوکاتە دەڵێین﴿ بشفرێ هەر بزنە﴾. دیارە عەلمانیەکە ئیدی قسەکانیان هەر گومرگی لەسەر نیە، ئێستا رووداوەکە ئاوا کورت دەکەمەوە: عەرەبێك کچە کوردێکی یەزیدی هەڵدەگرێتو ئەتکی دەکا، سەری خانەوادەی شۆر دەکات، بە کوشتنی دەدات بەوشێوازەی کە دیترا، دواتر وەك بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێت. کۆمەڵێك ئێزیدی تووشی تاوانێکی قێزەون دەکات، دواتریش کۆمەڵێك لە بەعسیە دوو رووەکان لەژێر ناوی دیفاع لە کچێکی موسڵمان کوشتاری خۆیان دەستپێدەکەنو ئەم دوو تەقینەوەی ئەم دواییەی هەولێریش بەرهەمی ئەو کارەیەو شتی دیکەشی بەدوادا دێت. لەملاشەوە، خەڵکی بێئاگاو ناحاڵی فەتوای کوشتنو دەرکردنی ئەو خەلکە دەردەکەن. دیارە تاوان بوو بەڵام ئەو هەرایەی هەڵنەدەگرت، زیاد لە قەبارەی خۆی گەورە کرا، ئەوەتا لەم ماوەیەی رابردوودا لە هیزۆپی پەنا رانیە، پیاوێك سەری بەبەرد پاندەکرێتەوە کەچی دەنگ لەبەرد هاتو لە خەڵك نەهات.

زنار: کەواتە باوەڕت بە کوشتنو چەوسانەوەی ئافرەت هەیە

یوسفی: کەس باوەڕی بەچەوساندنەوەی ئافرەت نیە، بەڵام ئەوەی ئەمرۆ برەوی زۆری پەیدا کردووە، وەها باسێکە. لاسایی کردنەوەی دنیا بیروحەکەی ئەودیوی ئێمەیە، لێرە درۆ دەلەسەیەك زیاتر نیە، ئافرەت نەك هەر ناچەوسێتەوە بەڵکو وەکو پاشا ژیان بەسەر دەبا، ئەوە پیاوانن دەچەوسێنەوە، ئەگەر ئەو هاتو هاوارە بۆ پیاو کرابا جێگەی خۆی دەگرت.



## رسکان

# دزەکردنی دەق لەنێوان قەهار شێخانیو کاوە حسێن دا

**سدیق عەلی**

لە سەرجەم ژانرەکانی ئەدەبو بەتایبەتیش شیعر، لەیەك چوونو دەق ئاوێزانیو دزەکردنی دەقو دزینی دەق هەیە، رێك دەکەوێت تابلۆی تێکشکاوی شیعری شاعیرێك لەناو شیعری شاعیرێکی تردا ببینرێنو بناسرێنەوە، شەپۆلی وڕێنەش بەناوی شیعرەوە کارەساتێکی ناوەتەوە، کە ئەوسەری دیار نیەو شیعر تووشی پاشاگەردانیەکی تەواو هاتووە، نەبوونی رەخنەی ئەدەبیو نەخوێندنەوەی دەقی ئەوانی دیو بەدوادا نەچوونی نووسەرو خوێنەرانیشمان، فەزایەکی تەواوی دروست کردووە، بۆ سەروگوێلاك شکاندنی شیعری ئەوانی دیو بلاو کردنەوەی بەناوی خۆمانەوە، باواز لەوەش بهێنین، کە نامیلکەو ئەلبومە بازرگانیەکان، کێشەکەیان ئاڵۆزتر کردووەو کەسیش نیە، بەرەیەك بخاتە مزگەوتەوە.

ئەوەی مەبەستی من بوو لێی بدوێم، دزەکردنی دەقە لەنێوان دوو شاعیرداو دڵنیام، ئەوە یەك کەس نیە بە دوو ناو ئەو دەقەی بلاو کردۆتەوە، جارێك لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری زنارو جارێك لە رۆژنامەی خەبات ژمارە ٢٣٧١ ، بەڵکو ئەمان دوو کەسنو هەریەکەیان بەناوی خۆیانەوە شیعرێکیان بلاو کردۆتەوە، ئەم دوو شیعرە، خاوەنی یەك ناوەرۆکن، کە رەنگە لە دنیای ئەدەبدا ناوەرۆکەکە ئەوە هەڵنەگرێ مشتو مڕ بنێتەوە، چونکە باس لە دیاریەك دەکەن، لە هەردوو کیاندا شاعیر دیاریەکی داناوە بۆ دڵخوازەکەی، لە هەردووکیاندا دوو دڵی هەیە لە قبوڵ کردنی دیاریەکەو هەردووکیان ناوەرۆکێکی یەکسانیان هەیە، لە هەمووشی سەیر تر بەیەك نیوە دێڕ کۆتاییان دێت کە بریتیە لە (من دیاری وەرناگرم لە شێت) ئەگەر خوێنەر هەردوو دەقەکە بخوێنێتەوە، باشتر هەست بەو دزەکردنەی دەق دەکات، ناونیشانی یەکێکیان بەناوی (دیاری جەژن)ەو ئەوەی تریان بەناوی (دیاری سەری ساڵ)ـە، یەکێکیان بەچوارینە نووسیویەتیو ئەوەی تریان بە دوو دێڕی، لەهەر حالێکدا بێت، ئەم یەك ناوەرۆکیە لەنێوان ئەم دوو شیعرەدا ناچێتە نێو خانەی ئاوێزانی دەقەوە، بەڵکو ئەوە دزەکردنی دەقەو ئەم زاراوەیەش لەجیاتی دزینی دەق بەکارم هێناوە، لەپێناوی بەرز راگرتنی بەهاکانی شیعر، ئەگەرنا دڵنیام ئەو دوو شاعیرە بەرێزە یەکێکیان دەقی ئەوی تری وەرگرتووەو سەرو گوێلاکی شکاندووە بەناوی خۆیەوە بلاوی کردۆتەوە، پۆلیسیش خەوتووەو نە ئەدیبێك نە نووسەرێك نە شاعیرێك هەستی بەو حاڵەتە نەکردووە، ستۆپ لە یەکێکیان بکات، من تا سەر ئێسقان بێ لایەنم لەو کێشەیەو دەستنیشانی ئەوە ناکەم کێ خاوەنی راستەقینەی شیعرەکەیە، بەڵام بێتاقەتی دەردەبڕم لەو دیاردەیەو ترسی ئەوەم هەیە ئەمە ببێتە هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ دزینی شاکاری گەورەی ئەدەبیو ئەگەر ئەمرۆ لەسەر شیعرێکی کورت قسەیەك نەکرێت، سبەینێ پەتایەکە تەشەنە دەسێنێتو کۆنتڕۆڵ ناکرێت، ئەمەش نموونەیەکی کەمی ئەو دیاردەیەو چەندینی تر تێپەڕیونو هەستیان پێ نەکراوە، ئەدەبی ئێمە پێویستی بە خوێندنەوە هەیە، پێویست دەکات ئەدیبە گەورەکانمان بخوێننەوە، شیعری کرچو کاڵ وەك هی هاوڕێکانیان، وەك هی شاعیرە کۆنەکان، وەك بڕیارە سیاسیەکان، بخوێننەوە. تا بزانن کامە شیعرە دەدزرێتو کامیان پێویستی بەقسە لەسەر کردن هەیە. بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانیشم خوێنەر دەتوانێت سەردانی رۆژنامەی خەبات ژمارە ٢٣٧١ی رۆژی یەك شەممە ٧/١/٢٠٠٧ لاپەڕە ٨ شیعری دیاری سەری ساڵ نووسینی قەهار شێخانیو گۆڤاری زنار ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٠٧ لاپەڕە ٥١ شیعری دیاری جەژن نووسینی کاوە حسێن بکاتو لەوێوە ئەمە یەکلایی بکاتەوەو کێشەکەش بۆ ئەو دوو شاعیرە بەرێزە جێ دەمێنێت، تا ئەوە یەکلایی بکەنەوە، کامیان خاوەنو کامیان نا؟.

# سەرەتاکانی سەرهەڵدانی توندوتیژی دژ بە ژنان

کامەران عەبدە

بەگوێرەی توێژینەوەکانی زانستی شوێنەوار، مرۆڤی سەرەتایی هەر لەقۆناغی درندایەتییەوە تائەمڕۆ، نەیتوانیوە بەتەنها پێداویستیە گرنگەکانی دابین بکات بۆ خۆپاراستن لەدەوروبەرو پێشهاتەکان. قورسایی ڕوداوە سروشتییەکانو، لاوازی بەرەنگاربوونەوەی مرۆڤ لەبەرامبەریاندا، بنەمای سەرەکییە بۆ بوونی خاوەندارێتی گشتیو پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی، ئەمە وایکردووە لەسەرەتادا یەکسانی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵدا ببێتە شتێکی باوو، پێچەوانەکەیشی ببێتە هۆکاری بارگرانی کۆمەڵێك بەسەر کۆمەڵێکی دیکەوە. نەبوونی میکانیزمێك بۆ دابەشکردنی کارو دابەشکردنی سروشتی (ژن - پیاو) ڕێگربووە لەبەردەم چەوسانەوەو، بواری نەداوە لایەك بەسەر لاکەی تردا زاڵ بێت. دابەشکردنی سروشتی کارکردنیش لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا، جگە لەوەی بوارێکی پتەوی بە ژن بەخشی، مافی پاراستنی منداڵو هێڵی دایکایەتیشی بۆ دیاریکرد. بەڵام دواتر، سەرهەڵدانی هێزی بەرهەمهێنان لەڕێی دابەشبوونی کاری کۆمەڵایەتیو کارکردنو زیادەی بەرهەم بووە فاکتەرێك بۆ پەرەسەندنی ئاڵوگۆڕو، هەروەها ڕێگەخۆشکەرێك بۆ هاتنە ئارای خاوەندارێتی تایبەت، بەمەش کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی سەردەمێکی کۆمەڵایەتی نوێی بەخۆوەبینی، کەتیایدا پلەی هۆشیارییەکی زاڵبوو لای پیاو چەکەرەی کردو، بۆ یەکەمجار ژن تووشی شکست بوو. لەکۆمۆنەی سەرەتاییدا، بەهۆی بوونی سەربەستیی کرداری سێکس، لەسەرتاپای شێوە خێزانیە کۆمەڵییەکاندا، باوکی منداڵ نەناسراوو، دایکی منداڵ ناسراوو دیاریکراو بوو، ئەمەش وایکردبوو ژن زاڵ بێتو، هەموان بێنێتەسەر ئەو ڕایەی کە ڕەچەڵەکی منداڵ لەدایکییەوەیەتیو، دەبێت بروا بەخاوەندارێتی منداڵ بکرێت بۆ ژن. لەقۆناغی درندایەتییدا، بەپێی ڕژێمێك، هەرپیاوێك دەیتوانی کرداری جووتبوون لەگەڵ هەر ژنێکدا (دوای ڕەزامەندی ژنەکە) ئەنجامبداتو، خاوەن منداڵەکەش ژنەکە بووە، بەڵام هەروەك چۆن دابەشکردنی کار سەرکردایەتی بۆ ژن فەراهەم کرد، پێچەوانەی ئەمە داهێنانو دۆزینەوەو دابەشبوونی نوێ ژنی کردە ئامێرێك، کەجگە لەکۆیلەیی بۆ باوكو مێردەکەی، کارکردنو منداڵبوونو بەخێوکردنیشی بەسەردا سەپێنرا. بەهاتنی ئایینو یاسا ئاسمانییەکانیش، بەکەم سەیرکردنو چەوسانەوەی ژن بوو بە ئەمری واقیع، هەروەك لەقورئاندا هاتووە (الرجال قوامون علی النساء بما فضل الله بعضهم عن بعض)سورەتی (یوسف). لەسەردەمی ناوەڕاستدا بارودۆخی ژن هێندەی تر شێواو چارەنووسی کەوتەدەست سەرمایەدارو چەوسێنەرانی ڕۆژئاواوە. لەقۆناغەکانی دواتریشدا کۆمەڵگە بە نادادپەروەری مایەوە، لەئەوروپا ژن دەبوایە زیاتر لەنیوەی کاتەکانی ڕۆژانەی لەکارکردندا بەسەربەرێت. سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی ژنی کردە قوربانی لەمەیدانی کارکردنداو، دوچاری کاری گرانتری کرد، لەکاتێکدا لەبەرامبەر ماندوبوونیدا تەنها نیوەی مووچەی پیاوی وەردەگرت! لەکۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەمی زایینیدا (شازل فۆرییە) بۆ یەکەمجار پێشنیاری یاسای مافپەروەریی کارکردنی خستەڕوو بۆ تاکەکانی کۆمەڵ بێ جیاوازی، بەم کارەشی توانی پرسی ئازادبوونی ژن لەئاستی ماڵو پیشەییو شارستانیی سێکسی تا پلەیەکی دیاریکراو بوروژێنێت. وەنەبێ ژنان خۆیشیان لەئاست ئەو توندوتیژیو ناعەدالەتییانە دەستەوستان بووبن، ڕێپێوانی چل هەزار ژنەکرێکاری کارگەی ڕستنو چنین لەئەمریکا لە ٨/٣/١٨٥٧ بۆ نارەزایی دەربڕین لەبەرامبەر کەمی مووچەو سەعاتە دوورودرێژەکانی کارکردن، یەکەم هەنگاوی خەباتی ژنان بوو دژ بەکۆمەڵگەی پیاوسالاریو، ئەو ستەمو زۆرییەی لەبەرامبەریاندا پەیڕەو دەکرێت. لەوساوە تێکۆشانی ژنانی جیهان، لەپێناو هێنانەئارای جیهانێکی یەکسان درێژەی هەیەو، تابەئەمڕۆ گەلێك قۆناغی سەختو گرنگی بڕیوە، دڵنیاشم تا بەدیهێنانی ئەو خەونە جوانە بەردەوام دەبێت.

سەرچاوەکان :

١-زن‌وازدواج - نویشتە :د.نوال سعداوی، ترجمە:روستم سپهری، تهران - ١٣٧٠

٢-گۆڤاری (زهن برتر) - ژ ١، مردادماه - ١٣٨٣

٣-خانوادە در زمان پیش، محمد اردوئی -



# ئالانیەکان لە ئاوێنەی بەڵگە مێژوویەکاندا



و: مەحمود عومەر

ئالان لەناوچەیەکی سنووری نێوان کوردستانی عێراق‌و ئێرانەو لەدێر زەماندا تاکە رێگەی هاتوچۆو پەیوەندی نێوان موسڵ‌و موکریان بووە. لەو دەروازەیەوە روباری زێی بچوك دێتە ناو خاکی عێراق‌و (هەرێمی کوردستان)ـەوە، ئالانی دیوی عێراق‌و ئالانی دیوی ئێران بەهۆی ئەو رووبارەی کە لەگوندی(هەرزنێ)وە تێدەپەڕێت لێك جیادەبنەوە. ئالانیەکان لەدەوربەری سالانی ٧٠ی زاینی بەبڕوای (ئەدوین رایت) لەرێگەی دەربەندێکەوە کە دەروازەی لە ئەنجامی رێککەوتنێکی خائینانەو ژێربەژێردا لەلایەن (گورگانیەکان) بەروی ئەواندا کرایەوەو لەکێوەکانی قەفقاز تێپەڕین‌و بەرەو ئەلبانیاو ئاتورپاتەکان‌و دوایی روەو ئەرمەنستان شۆڕبوونەوەو دەستیان داوەتە تالآن‌و کوشت‌و بڕ. (یوسف فلاویوس) مێژوو نووسی دێرینی جولەکە لەسەدەی یەکەمی زاینیدا نووسیویەتی:-

ئالانیەکان توانیویانە(ماد)ەکان غافڵگیربکەن‌و هێرشیان کردووەتە سەرزەمینی مادەکان، کە ئەوکاتە ئاوەدانیەکی باشی پێوە دیاربووەو وێرانیان کردووە. شاری(خابالا)لە ئەنجامی هێرشی ئالانیەکان وێران کراوە، لەوکاتەدا(پاکور) فەرمانڕەوای ئاتورپاتەکان بوو، براکەشی بەناوی (بلاشی یەکەم) پادشای ئەشکانیەکان بووە. پاکور کە دەسەڵاتی لەکەمی دابوو لەبەرامبەر هێرشی ئالانیەکان نەیتوانی خۆی رابگرێت‌و بەرەو کێوە سەختەکان رایکرد، ئالانیەکانیش بۆماوەی سێ ساڵ لەناوچەکانی ئازەربایجان‌و ئەرمەنستان فەرمانڕەواییان کردووەو دوایی بەرەو شوێنی خۆیان کە پشتی کێوەکانی قەفقازبووە گەڕاونەتەوە. ئەو ئالانیانەی قەفقاز بەهاوسێیەتی بولغاریەکان‌و تورکەکان‌و خەزەرەکان مانەوە، بەهۆی زۆری ئەم نەتەوانە، پەنایان برد بۆ کێوەکان‌و، لە سەرچاوە نووسراوەکانی سەردەمی ساسانیەکاندا ناوی (پاشای ئالان) لە ڕیزی پاشا دەستڕۆیشتوەکان هاتووەو خاوەن دیارو سنووری دیاریکراوی خۆی بووەو توانیویەتی لەسەر تەختی زێڕینی پاشایەتی دابنیشێ. (بابەکی خوڕەمی) لەناوچەیەکی ژووروی رۆژئاوای ئێران فەرمانڕەوایی کردوە، بەشێکی ئەم ناوچەیە، ئازربایجانی ئێرانی ئێستاو بەشێکیشی کەوتۆتە دیوی روسیاو کە لەو سەردەمەدا پێی گوتراوە(ئاران) ARAN کە فەرمانڕەوایی دەکرد. ئالانیەکان ئاریایی رەگەزن‌و لەدێر زەمانەوە لەو ناوچانە نیشتەجێ بوون‌و لەسەرچاوە یۆنانیەکاندا ناوی بە(ئەلبان)کە شوێنی دانیشتنیان ئەلبانیایە هاتووەو لە زۆر سەرچاوەی دیکەشدا ناویان بە(ئاران - ئالران)هاتووە. لەکۆتایی سەدەی یەکەمی زاینیدا وڵاتەکانی (ئەرمەنستان)و(کوردستان) ویلایەتی مادی بچوك لەلایەن (ئالانیەکان)و گورگیەکان تالآن‌و بڕۆکران‌و لەو نێوەندەشدا حکومەتی "ئەشکانی " هیچ بەرگری‌و داکۆکی لێ نەکردن. ئالانیە ئاریەکان لە ڕێگەی (دەربەندی ئاریال)بەرەو (ڤۆلگا)و دواتر لەسەدەی حەوتەمدا بەرەولای رۆژئاوا کشاون‌و لەساڵی ١٦١ی زاینی فەرمانڕوایی ئەشکانیەکان (بلاشی سێ یەم) ئەرمەنستانی داگیرکردوە، بەڵام هەر لەوێ‌و بەرامبەری (کاسیوس) سەرداری رۆما تێکشکاوەو بەشی خۆرئاوای ویلایەتی کوردو ئەرمەن دووبارە کەوتۆتەوە ژێر دەسەڵاتی رۆمەکان‌و لەساڵی ٢٤٤ی زاینی کوردەکان بەهاوکاری ئێران پەلاماری لەشکری (ڤالرین) ئیمپراتۆری رۆمیان داوەو لەو شەڕەدا سەرداری رۆم کوژراوەو



دواییش شوێنکەوتوانی ئەو لەگەڵ ئێرانییەکان ڕێککەوتن. لەرووی جوگرافیەوە (ئالان) لەژووروی عێراقو ڕۆژئاوای ئێران هەلکەوتووە، کە ژووروی "ماوەت"و ڕۆژهەلاتی(مەرگە) ناوچەی شیدەر(پشدەر) ئەمڕۆ هەلکەوتووە"شیدەر" لە زمانی پەهلەویدا مانای( نورو ڕووناکی)دێت، نورو ڕووناکیەکانیش لە ئاینی زەردەشتدا جیگەیەکی دیارو شیاوی گرتووە، بۆیە دەکرێت پەیوەندی مانای ئەم دوو وشەیە تێبگەین.

ئەستڕابوونو مارکورات لەکتێبی (ئیرانشهر) دا دەڵێن: لە ساڵی ٧٢٢ی پێش زاین (سەرجۆنی دووەم) پاشای ئاشوربۆ فراوانکردنی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆیو بەکارهێنانی کانزای ئاسنی مادەکانو گیادەرمانیەکانی ناوچەکە، کە لەخۆرهەلاتی ناوڕاستدا بێ وێنەیە پەلاماری مادەکانی داو(٤٠٠٠٠) یەهودی (ساماری) کەلە فەلەستین بەدیل گیرابوون بە بابلو نەینەواو شارەکانی ولاتی مادەکان وەکو( پاومای – سازانی – ئالان – موکریان – کەلهوڕو حەلوانو کالاو کارنا ڕاگوێزرانو لەشوێنی دوور خراوە مادەکان نیشتەجێ کراونو نەخۆشخانەی بەناوبانگی ئالان لەسەردەشت وێران کراو تەواوی داودەرمانەکانیشی تالان کراو بەرەو نەینەوا ڕاگوێزران).

" (ئەمیری ئەمینی) فرهنگ گیاهانی دارویی ٢١"

نەمرێ: ناوی پزیشکێك بووە کە لە گیاو گوڵی ناوچەکانی ماد دەرمانی دژی زەهری مار دروست دەکرد، ئەم دەرمانە کە ناوی (سارێژ)بوو دەنێردرا بۆ ولاتانی یۆنانو ڕۆمو ئاشور، مێژوناسی فەرەنسی(جاك دمورگان)نوسیویەتی:- نەمرێ.. پزیشکی بەناوبانگی ویلایەتی کوردستانو لەسەدەی بابلیەکاندا بەناوی ئەم پزیشکەوە ناونراوە لەنەخۆشخانەی مادی(ئالان) لەسەردەشتو سازانی ڕۆژئاوای پاوە پزیشکی کردووە.

سەرچاوە: سردشت درامین

اسنادی تاریخی/فریدون حکیم زدە

## چی بنووسم



ئیدریس شەیداهۆ

# مەرحەبای ئەدەبو سیاسەت

دەمێکە لەمێژووی پەیوەندییەکانو کاریگەری ژانرێك بەسەری ئەویتردا، گرفتو تەنگژەو دۆستایەتیو تەبایی دۆزراوەنەتەوە، نێوان ئەدەبو سیاسەت، هەر لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕەکانو ڕۆڵی ئەدەب لەوریاکردنەوەو جوانکردنی بەهای ئاشتیو بەرزراگرتنی هەڵوێستە نیشتمانییەکانو چەندین شتی تر، مشتومڕو قسەو باس هەڵدەگرێو زۆرجاریش دەمەتەقێی چڕو چەندین جاریش شەڕو ئاشووبی لێکەوتۆتەوە.

پەیوەندیی نێوان ئەدەبو سیاسەت هێندە تراژۆمیدییە، نەلەپەیوەندیی نێوان ڕەنگی سوورو مانگا دەچێ، نەلەهی کۆترو ئاشتی..! دەمێکیشە وەك تەونی جاڵجاڵۆکە تێکئالاون، هەرچەندە زۆرجاریش مەغزای نێوانیان بەدوو دووریی نێوان دوو ئەستێرە دەبێ، چونکە زۆرجار سیاسەت (مانگ) دەکا بەجاش، لەولاشەوە ئەدەب تریفەی مانگ دەکاتە گەورەترین موژدەی پاکبوونەوەی دونیا..جار هەبووە سەرکردەی گروپێکی مافیا، دوای سەرکەوتنی لەکارێکی موخابەراتیدا، شیعرێکی بۆ دڵدارەکەی نووسیوە، ئەدیبیش هەبووە تا ڕەنگی قۆپچەی کراسەکەشی سیاسەتاوی بووە! مەبەستم ئەوە نییە بڵێم هیتلەر فریشتە بووە، چونکە شیعری نووسیوە، خۆ خومەینیش کەرێبەرایەتی شۆڕشێکی گەورەی کرد، دیوانی شیعری هەیە.. ئەدیبیشمان هەبووە تیرهاوێژێکی دیاری بەرەکانی جەنگ بووە.. ئەمانە دەکرێ بڵێین پەیوەندیی جەستەیی ئەو نێوەندەن، یان ڕەنگە حەزو خولیایەکی تایبەت بووبێ..

ئێدی: ئەو دووانەم ڕێك وەکو دوو کورد دێتە پێش چاو، کەمومارەسەی شەڕو ئاشتی دەکەن!

دۆستن: ئەو دەمانەی بەیەکەوە هەوڵی بەڕەڵلاکردنی کەنارییەك لەقەفەسی دیوەخانی سوڵتانێك دەدەن.

دۆستێکی ماقووڵن: ئەودەمانەی لەبەر پەنجەرەی داخراوی کیژۆڵەیەکی زیز، هەڵوێست دەگرن.

دژن: کاتێ سیاسەت، ڕەوایەتی بەجەللادێك دەداو گوێ لەناڵەی بولبولێك کەڕ دەکا، ئەدیبیش بەئەدەبەوە شووتێك لەیاسا جەنگەڵییەکانی مرۆڤ دەدا..!

دژێکی ماقولن: کاتێ یەکێ خەریکی فەنتازیای درۆ دەبێو یەکێ دەروێشی تاغوور دەبێ..!

سەیرن: کاتێ، بەیەکەوە، دروشمی نانو کار هەڵدەگرن..!

ئاسایین: کاتێ لەکۆڕێکدا، ئاوێزانی یەکتر دەبنو بۆ مەقامی مەرحومێکی ئەهلی قەڵەم دێنە چۆکان.

عاقیبەت: دوو هێڵی تەریبن، جارجاریش تاك و لۆ، کەتووڕەش دەبن، نەسیاسەت سازش دەکاو کاغەزی سپی بۆ سەرشێتی ئەدەب مۆردەکا، نەئەدەبیش هێندە کاڵفامو ساویلکەیە، بەدەنکە مووروی درۆیەکانی سیاسەت خۆی گەورە بکا..!

کەوابێ ڕەنگە ئاسان نەبێ بتوانین ئەو پێوەندییە ئەزەلییە پۆلین بکەینو هەروا ساکارانە لێی بدوێین، ئەمە بوارێکی گرنگیشە بۆ لێوردبوونەوەو بەدواداچوون، چونکە ڕەنگبێ لەئەدەبیاتی ئێمەدا زۆر شاکار هەبێ لەو نێوەدا تێچووبێ..! گرنگە چونکە هێشتا ئەو پەیوەندییە لەجۆرێ: لەسیحر دەچێ، کاتێ دەبینی، شمشێرو شیعر، ناپاڵمو تابلۆیەکی سەرنج ڕاکێشە لەناو یەك ئەندێشەدا دێنە دەرێ.. ئەمە وەك ئەوە وایە جەللادێك جەستەی مرۆڤێك هەلا هەلا بکا، ئینجا بێتو پارچەپارچەکان لێك گرێ بداتەوە بەنیازی ئەوەی تابلۆیەکی هونەریی لێ دروست بکات.., خۆ جاری واش هەبووە، لەشکرێك بەسروودێك یان شیعرێك دەسخەڕۆ بووە، بۆیە ڕەنگە تاوان نەبێ گەر بڵێین لەهەردووکیاندا ڕۆحی شەڕانگێزیو جوانی هەیە، بەڵام کامو شەڕو کام جوانی، حوکمی ئەوە کاری ڕەخنەگرانە کەلێی وردببنەوەو پێمان بڵێن..!

# تەرزەجاف:

# لە سەرمێزی کۆنگرە لەبارەی ژنانەوە پیاوێك دانیشتووە ژنەکەی بە سەروچاوی شکاوەوە لە تەلەفیزیۆنی ماڵەوە تەماشای دەکات، ئەمەش لە خەیاڵی خۆمەوە نیە،ئەو ژنە برادەری خۆمە ...!



**دیداری: هاوڕێ کاسترۆ**

*لەو سەردانەی دکتۆر فەرهاد پیرباڵ بەمەبەستی سازانی کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە بۆ رانیە، تەرزە جافی خێزانیو منداڵەکانیان هاوڕێی بوون، گۆڤاری زنار ئەم دەرفەتەی بەهەلزانیولەسەر کۆمەڵێك تەوەر خاتوو تەرزەمان هێنایە دواندن وەکو ئافرەتێکی رۆشنبیرو خاوەن خامەو رای تایبەت، وەڵامەکانی خاتوو تەرزە ئەم دیدارەی خوارەوەی لێکەوتەوە*

زنار:سەرەتا چۆن لەگەڵ د.فەرهاد یەکترتان ناسی، ئایا لەرێگەی کاری ئەدەبیەوە بوو یان شتی تر.

تەرزەجاف: من قوتابی بووم لە زانکۆ ئەویش مامۆستا، مامۆستای من نەبوو..ئەو کات لە رێگەی کارە ئەدەبیەکانی بە تایبەتی دیوانی ئیگزیلو گۆڤاری وێران ناسیم، رەنگە کاری ئەدەبیو کۆڕو پێشانگاکانی کە بە رێکەوت هەردوکمانی کۆدەکردەوە پردێك بووبێت بۆ خۆشەویستی بەڵام بێگومان هۆیەك نەبووە چونکە من ئەدەبی زۆر کەسی تریش سەرسامی دەکردم، ئەوەیان شتێکی ترە.

زنار: وەکو دوو مرۆڤی رۆشنبیرچۆن ژیانی خێزانیتان دەگوزەرێنن، ئایا گرفتی خێزانیاتان زۆر نییە.

تەرزەجاف: من زۆر هەوڵنادەم هەموو شتەکانی ژیان تێکەڵ بەیەك بکەم. ژیانی ئێمە لە ژن و مێردێکی ئاساییەوە نزیکە، رەنگە جیاوازیەکە ئەوکاتە بێت کە ئێمە دانیشتنو قسەکردنمان بەدەم چا و قاوەوە زۆرە.

زنار: بەو شێوەیە دەڵێم کە ژیانی رۆشنبیران ژیانێکی تایبەتەو هەمیشە جۆرێک لە یاخی بوونی تێدایە تۆ قەت لە فەرهاد یاخی نەبووی.

تەرزەجاف: من هەمیشە هەوڵمداوە ئەرکەکانم لە ماڵو کارەکانی خۆم بکەم بەڵام بە راستی هەرئێستا بابەتم هەنە سێ مانگە دەمەوێت بینێرم بۆ بڵاوکردنەوە بوارم نەبووە بوارێکی زۆر کەمم هەیە بۆ نووسینو کاری خۆم، چونکە نابێت هەردووکمان هەمیشە سەرقاڵبین. فەرهاد وەك هەموو پیاوێکی تر بەرلەوەی ژیانی هاوسەری پێکبێنێ، دایكو خوشکی هەبووەو ئەوانی بینیوە کە ژنی ماڵەوە بوونو هەموو کاتێکیان بۆ ماڵی خۆیان بووە، منیش نامەوێت بۆشاییەك جێبهێڵم لای ئەو، پێمخۆش نییە حەزی لەخواردنێك بێت، بچێت لەماڵێکی تر بیخوات، ئەبێ لەماڵی خۆمان هەبێت، ئیتر شەو هەریەکەمان لەسەر کۆمپیوتەری خۆمان کاری خۆماندەکەینو دیالۆگ دەکەین، بەلاًم بۆژیانی خێزانی حەز ناکەم کەموکورتیەك لە ژیانی منداڵەکانماندا هەبێت، سبەی بڵێن "دایکمان نووسەرو شاعیرێکی چاکبوو، بەڵام نەزانن سۆزی دایکیەتی چییە" زۆرجار ژنی رۆشنبیری ئێمە لەم بارەیەوە دەکەوێتە هەڵەوەو خێزان دەکاتە قوربانی پرۆژە رۆشنبیریەکانی یان بەپێچەوانەوە، من هەوڵمداوە هەردووکیان بەیەکەوە بکەم.

زنار: لەکەیەوە دەستت بەنووسین کردوو یەکەمجار لە چ بوارێکەوە هەنگاوت نا.

تەرزەجاف: لەمنداڵیەوە دەستم پێکردووە، هەست دەکەم کە هەموومان لە منداڵیەوە شاعیربین...بەپێکەنینەوە.. لەناوەندی زۆرم دەنووسی، بەلاًم بلاًوم نەدەکردنەوەو لەدەفتەردا یاداشتم دەکردن لە کاتی کۆڕەوەکە کاتێك خۆمان کۆکردەوە نزیکەی بیست دەفتەرم هەبوون سوتاندمن نەکوو بکەونە دەستی خەڵك، بەلاًم بۆیەکەمین جار لەزانکۆ بە کورتە چیرۆکێك دەستم کرد بە بڵاوکردنەوە.

زنار: تاچەند کاریگەری فەرهاد بەسەر نووسینەکانی تۆوە هەیە.

تەرزە جاف: دیارە کاریگەری فەرهاد بەسەر زۆرکەسەوە هەیە، کاریگەری لە سەر من جۆرێکی نهێنیە. بۆنموونە من لە گەڵ فەرهاد فێر بووم تابلۆی زۆر لە هونەرمەندە جیهانیەکانی وەك مۆنش و سیزان وکلیمت بناسمەوە، فەرهاد چاوێکی سەیری هەیە بۆ تابلۆ، ئەو هەندێك جار کتێبم بۆ هەڵدەبژێرێت، هانم دەدات بۆ فێربوونی ئینگلیزی، لە نووسینەکانیشم، جار جارە تێبینیم دەداتێ و من حەز دەکەم پێش بڵاوکردنەوە بابەتەکانم بخوێنێتەوە بە تایبەتی شیعر بەلاًم بڵێم لەنووسیندا هاوکاریم دەکات نەخێ، نووسینی من تەواو ژنانەنو لە هەستێکی ژنانەوە هەڵدەقوڵێن، ناکرێت ژنێك ببینیت

به هەموو مێینەی خۆیەوەو گومان بکەیت کە ڕیش و سمێڵی هەیە!

زنار: نووسینەکانی فەرهاد دوای چاپکردن دەخوێنیەوە یان پێش چاپکردن

تەرزەجاف: زۆربەی جار پێش چاپکردن بۆم دەخوێنێتەوە بەتایبەتی شیعر، بەگشتی بابەتەکانی بەرلەوەی چاپ بکرێن باسی دەکات و یان دەیانخوێنمەوە.

زنار: تۆ لە چ بوارێک دەنووسی شیعر، چیرۆک، بابەتی سیاسی

تەرزە جاف: من زیاتر لە شیعر دەستم هەیە بەڵام نایشارمەوە کە من بۆ خۆم زیاتر حەز لە بواری ڕۆژنامەوانی دەکەم و نووسینی وتارم پێخۆشترو بەسوودترە، جگە لەمەش من شەیدای نووسینم نەک بڵاوکردنەوە، کۆمبیوتەرەکەم پڕی نووسینە، شیعرەکانم دوو جۆرن، بەشێکیان تایبەتمەندی خۆمە، وەك ژنێك بەشی دووەمیش دەمەوێت هەندێك دیاردەی زەق هەیە لەڕێگای شیعرەوە دەری ببڕم ((مەدام سیمۆنا))لە شیعرەوە نزیکە بەڵام ڕەخنەیەکی توندە،((ژنە بێناموسەکان)) باس لە ژنکوشتن دەکات و بەم شێوەیە.

زنار: د.فەرهاد لەنووسین و دیالۆگ و کۆڕەکانیدا لەگەڵ گەنجان کرانەوەیەکی تەواوی پێوەدیارە، تۆوەکو هاوسەری ئەو لەبەرامبەر ئەم کرانەوەیەیدا تووشی گرفتی کۆمەڵایەتی نەبووی.

تەرزەجاف: ئەوەی بەقسەی فەرهاد تێکدەچێ زیاتر ئەو کەسانەن کە ڕەخنەی فەرهاد دەیانگرێتەوە، ئەوانەش زیاتر لە کۆشك و تەلارەکان دان. بەڵام خەڵك بەگشتی خۆشیان دەوێت و ڕێزی لێدەگرن گەنجەکانیش زۆر عاشقی ئەون، بە پێچەوانەوە زۆربەی جار ڕووبە ڕووی خۆشەویستی خەڵك دەبمەوە.

زنار: تاچەند بەشداری پرسەکۆمەڵایەتیەکان دەبی و ڕێکیان دەخەن، چۆن بەشداری خۆشی و ناخۆشیەکانی خەڵک دەکەن.

تەرزەجاف: من و فەرهاد هیچمان بەشداری ئاهەنگ ناکەین گەر دۆستێکی نزیك نەبێت، بەلاّم بۆپرسە ئێستا زیاتر هەوڵ دەدەین ئەمەیان پشتگوێ نەخەین.

زنار: تۆهەنگاوەکانی بزوتنەوەی فیمینستی لەدژی توندوتیژی دژبەژنان وەکو ژنێکی نووسەر چۆن دەبینی.

تەرزەجاف: بەداخەوە من لەوبارەیەوە زۆر ڕەشبینم، ئەگەر بەڕاستی بزووتنەوەیەك هەبوایە لە ناو کورد بە ناوی بزووتنەوەی فێمینیزم ئەوە دەبوایە کاری ڕاستەقینەی بۆ ئەوەبێت لە ڕێگەی یاساوە مافی ئافرەت بپارێزێت، کاتێکیش سەرۆکی حکومەت لە ئابی٢٠٠٢ ڕای گەیاند کە ((نابێت لە پەنای دابونەریتەکاندا دەرفەت بە کوشتنی ئافرەت بدرێت بە ناوی غەسل عار)) دەبوایە کاری ئەو بزووتنەوەیە بۆ پاراستنی ئەو دەستکەوتە بوایەو بۆ بەکارپێکردنی ئەو یاسایە بوایە، کەچی ئەوەندەی لەم ساڵانەی دواییدا ژن کوژراوە لە ساڵانی ڕابردو نەبووە، ئاخر ئەو ژنە فێمینیستە کە دەبێتە بەڕێوەبەر لە بەر پیاوەکان هەڵدەستێتەوەو ژنەکان بە ((کچێ)) بانگ دەکات، کە دەبێتە مامۆستا دەست بە سەری کوڕەکاندا دەهێنێت و بە کچەکان دەڵێت بێ ناموس کە چاویش دەخاتە سەر پیاوێکی خاوەن خێزان و منداڵ پڕ بە دەنگی دەڵێت، خۆ ژن ژنی نەخواردووە ئەم پەندە من تەنها لە ئافرەتان گوێم لێ بووە نەك لە پیاو، ژنەکانی ئێمە بۆ دوعا دەگرین و ڕۆژانە سەدان دوعای دراوسێیان و دوعای بووکیان و دوعای قوتابیان بە زمان بەردباران دەکەن !
لە دوای ڕاپەڕین و لە گەڵ دەسپێکردنی شەڕی براکوژی هەڵوێستی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان تەنها بۆ بەرژەوەندی حیزبەکەی خۆیان بووە، هەوڵیان تەنها بۆ سەرخستنی حیزب بووە،خەباتیان تەنها لە پێناو حیزب دا بووە. ئەوان بۆ بەرژەوەندی حیزبی خۆیان لە کاتی شەڕی براکوژیدا دەیانگوت حیزبی ئێمە کچە پەکەکەی نەکوشتووە ئەمە لە کاتێکدا دەبوایە ئەوان خاوەن هەڵوێستی ئەخلاقی بن بەرامبەر ئەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر زۆر ئافرەتی بێ گوناه کراوە..ژن هەبووە لە خەستەخانەی منداڵ بوون لە سەر منداڵبوون بووەو نەزیف بووە لە بەر ئەوەی مێردەکەی لە حیزبی دژ بەوان بووە پێیان گوتووە هەتا پیاوەکەت نەیەتە ئێرە هیچ دکتۆرێك نایەت بە لاتا لە ناو نەزیفی خۆیدا ماوەتەوەو منداڵەکەی مردووە ئێستا ژنەکە تووشی سەد دەردو نەخۆشی بووەو پیاوەکەی وەزیرە، ئەی ئەو ژنە پێویستی بەوە نەبوو ئەو کاتە ڕێکخراوی ژنان بێن و بڵێن منداڵ بوون پەیوەندی بە یوڵاش و سەراو تەقین و نەزیفەوە هەیە نەك بە یەکێتی و پارتیەوە؟! بزووتنەوەی چی ! ئێمە پیاوی فێمینیستمان لە ژنی فێمینیست زۆرترە !

زنار: پێتوانییە ئەمە دەرەنجامی ئەو کولتوورە ترسناکەیە کە تائەمڕۆ نەمانتوانیوە تێکی بشکێنین، حزبەکانیش ڕۆڵیان لەبەهێزکردنی ئەم کولتوورەدا هەبووە.

تەرزەجاف: حیزبەکان تەنها ڕۆڵیان نەبووە لە بەهێزکردنی ئەم کولتوورەدا، بەڵکو ئەوانن کارپێکەری ئەم کولتوورە ئەوان پێویستیان بەوەیە ئەو کچە بکوژن کە حەز لە کوڕێك دەکات سەر بە حیزبێکی ترە، ئەوانن خاوەن و پشتگیریکەری بکوژەکان بە کورتی، ئەوانن کە بەبەرچاویانەوە باوك کچی خۆی دەکوژێت ئەوان کە ئەو پیاوە زیندان ناکەن کە لە ماوەی چەند مانگێکی ژن و مێردایەتی دا چەند جارێك ژنەکەی بە قژڕاکێشان بردۆتە ئاودەست و پیسایی دەرخوارد داوە ئەوانن ئەو ژنکوژانە ئازاد دەکەن و زیندانەکانیان پڕ دەکەن لەو خەڵکانەی داوای کارەباو نەوت دەکەن، خۆ جارانیش ژنکوشتن هەبوو لەگەڵ ئەوەی یاساش پشتگیری لە کوشتن دەکرد بە بیانووی شەرەف کەچی ڕێژەی ژنکوشتن بەم شێوەیە نەبوو، ئەمڕۆ من بە دیار ڕۆژنامەی میدیاوە فرمێسکم هاتە خوارێ، لاپەڕەیەکی تەرخان کردبوو بۆ ژنە کوژراوەکان. من دەڵێم مرۆڤ دەبێ ڕاستگۆبێت لەگەڵ خۆیدا.حیزب هەقی خۆیەتی ئامانجی سەرەکی سەرخستنی حیزبەکەی بێت ،بەڵام دەبێت کەسێك بچێتە ناو ڕێکخراوی ژنان و ئافرەتانەوە کە ڕۆحی ئەوەی هەبێت بەرگری لە ژنێکی دژەحیزبی خۆشی بکات ئەگەر ڕووبەڕووی توند و تیژی بۆیەوە بەڵام ئەمە لای ئێمە ڕووی نەداوە و لە سایەی ئەم جۆرە سیاسەتە و ئەم دەسەڵاتە ئەمە ڕوونادات .

زنار: ئێمە لەنێو دووجەمسەری جیاوازداین، ئەوەی دەیڵێن نامانەوێ جێبەجێی بکەین یان ئەوەی جێ بەجێی دەکەین نامانەوێ بڵێین ئەم جۆرە ناڕاستگۆییە لە دەربڕیندا چ ڕەهەندێکی لەخۆ گرتووە.

تەرزەجاف: ئێمە لە کۆمەڵگایەکین کە تاکەکان یەکجار خۆیان ماندوو دەکەن بۆ قبووڵبوون لە لایەن کۆمەڵ، ئەو ڕازی کردنە شتێکی ئەستەمە وەك حەکایەتی باوك و منداڵ و کەرەکە ئەگەر باوکەکە سوار بێت پێی دەڵێن بێویژدانە منداڵەکەی بە پێ دەڕوات !منداڵەکە سوار بکات دەڵێن بە سەری سپیەوە بە پێ دەڕوات و منداڵەکەی سوار بووە هەردوکیان سواربن دەڵێن ئەو کەرە بەستەزمانە....هتد کاتێکیش تاك بیەوێت خەڵك ڕازی بکات ئەوە ڕێگەی درۆو فرت و فێڵیش دەگرێتە بەر، یانەکانی مەی خواردنەوە شارەکانی پڕکردوە کەچی زۆر ئاساییە کەس بە ڕاشکاوی باسی مەی خواردنەوە ناکات و خەڵك بە گشتی ئینکاری لێدەکەن! حیجاب پۆشینیش شایەدحاڵێکە بۆ ئەم مەسەلەیە، لە ناو کۆمەڵگەدا بە شێوەیەك لە شێوەکان حیجاب بەڵگەیەکە بۆ ئەخلاق بەرزی و بە شەرەفی کچ، ئەمە وادەکات کە ئەگەر کچێك زۆریش هەڵەشەو نابەرپرسانە هەڵسوکەوت بکات لەچکێك ببێتە ماسك بۆ شاردنەوەی بەدرەوشتی! لای ئێمە ئەمە زۆر باوە، بە حوکمی ئەوەی کە ژنانیش زیاتر پابەندی کۆمەڵن ئەم کردارەیان زیاتر لێ دەبینرێت، ژن هەیە حەوت ساڵ عاشق دەبێت و شەڕ دەکات تا دەگاتە مەعشووقەکەی خۆی، کەچی دوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەری پێی عەیبەیەو لە خەڵك و منداڵی خۆیشی دەشارێتەوە کە ئەو پێش زەواج عاشقی مێردەکەی بووە ئەو عەشقەکەی پێ عەیب نیە بەڵام پێی عەیبە خەڵك بزانن، کابرا مەی خواردنەوەی پێ عەیب نیە، تەنها پێی عەیبە کە ئەوانی تر بزانن! ئەمە سەمەرە نیە؟ پێی ئاسای بێت سەربەهەوێ شووبکات بەڵام پێی ئاسایی نەبێت کە خەڵك بزانن ! پێش چەند ساڵێك لە گەڵ خزمێك چووینە کەرکووك، ئەو کە خۆی خەڵکی کەرکووکەو لە هەولێر دەژی عەبای



خەلیجی لەبەر بوو کە گەیشتینە ئەوێ براکانی نەیانهێشت لەبەری بکات گوتیان لێرە زیاتر ...... لەبەری دەکەن و(( جلی ئیشە))!ئەوە یەك پارچە گۆڕین و قلێپکردنەوەی وەزیفەی عەبایە ! کۆنگرەیەك دژی توندوتیژی بەرامبەر ژنان دەبەسترێت لە سەرمێزی کۆنگرە پیاوێك دانیشتووە ژنەکەی بە سەروچاوی شکاوەوە لە تلفیزیۆن تەماشای دەکات، ئەمەش لە خەیاڵی خۆمەوە نیە،ئەو ژنە برادەری خۆمە ...!

زنار: چۆن دەڕوانیتە ئەو شاڵاوی ژن کوشتنەی کە ئەمڕۆ بۆتە دیاردەو بەرای تۆ دەتوانین چۆن ڕێگری ئەم رەشەکوژیە بین.

تەرزەجاف: تەنها دوو ڕێگە هەیە بۆ ڕێگەگرتن لەم دۆخەی ژنانی تێدایە یەکەمیان دەبێت لەپەروەردەوە دەستپێبکەین کە بە شێوەیەکی تر پەروەردەی منداڵ بکرێت ئەویش لەرێگەی پرۆسەی خوێندن و میتۆدی خوێندن و مامۆستاکانەوە مەنهەجێکی وەها دابنرێت کە مرۆڤی مەدەنی و راستگۆو بەرپرس بنیاد بنێت، مامۆستا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر قوتابی هەیە، زۆربەی مامۆستاکان وەك بەبەغا هەموو ژیانیان تەنها ئەو کتێبەیان لە بنباڵدایە کە لای قوتابیەکانیش هەیەو رۆڵی ئەوان تەنها ئەوەیە کە وا لە قوتابیەکان بکەن کتێبەکە ئەزبەر بکەن. پەروەردەو فێرکردن شانبەشانی یەکتر کاردەکەن لە ناو قوتابخانە دەبێت کچەکان فێربکرێن باوەریان بە تواناکانی خۆیان بێت و ڕێز لە لەش و بوونی خۆیان بگرن هەروەك چۆن لە ناو قوتابخانەشەوە دەکرێت کەسایەتی کوڕەکان وا بنیاد بنرێن کە دەستیان بە کوشتنی بەچکە پشیلەکان فێرنەکەن و لەزەت لە بڕینی کلکی کەرو ئازاردانی تووتکە سەگ وەرنەگرن و گۆشبکرێن بە ڕێزگرتن لە کچە هاوپۆلەکانیان و خوشکەکانیان..دووهەمیشیان کە زۆر گرنگە یاسایە، یاسا جگە لەوەی ڕێگە لە تاوان دەگرێت و تاوانبار سزا دەدات لە هەمان کاتیشدا ڕێز بۆ ژن دەگەڕێنێتەوە بۆنموونە ئەگەر پیاوێك لەسەر شەقامێك لەپیاوێکی تر هەڵبدات، یەکسەر پۆلیس دەیخاتە زیندانەوە، کەچی پیاوێك ژنێك دەکوژێت، هیچ کەس لێی ناپرسێتەوە، ئیمە رۆژانە ئەم شتانەمان گوێ لێدەبێت، من خۆشبەختانە سەیری دوعام نەکردو دڵم نەهات سەیری بکەم، ئەگەر دوعا چاوی لێ بوایە حەزی نەدەکرد بەو شێوەیە بیبینین هیچ کچێك حەز بەوە ناکات ئەو هەموو ڕیسواییەی بکەوێتە بەر چاوی دنیا من وەسیەت دەکەم و بەهەموو دنیا دەڵێم ئەگەر کوژرام کەس وێنەم بەکوژراوی بلاونەکاتەوە، بەڵکو جوانترین وێنەم بلاوبکەنەوە، هەموومان سەیری دوعامان کردووەو خەمی بۆدەخۆین، دوعا هەرتەنها کەسێك نەیکوشت، بەڵکو بەبەرچاوی هەموو دنیاوە گەلەکۆمەکی لێکراو بەردباران کرا. من لەو باوەڕەدام کێشەی دوعا کێشەیەکی نامۆ نییە ئەو تەنها بەرەوپێشچوونی دیاردەی ژنکوژییە بۆ شێوەیەکی ئاشکراو بەرچاو بۆی هەیە ببێتە مۆدێلێکی نوێ و لەمەودوا ژنکوژان ڕوو بکەنە بەردبارانکردن، زۆر دوور نیە لەناوەراستی بازاری شارێکی وەك هەولێر، کارەساتێکی بە وێنەی دوعا دووبارە ببێتەوە بە تاوانی ئەوەی ژنەکە سفوورە رەنگە لەوکاتەدا(٥٠) پەنجا پیاو بەرد بگرێتە ئەو ژنە وەکو دوعا، دوریش نیە ئەو ژنە من بم ! من خۆم بینیومە لەبازاڕی هەولێر کچێك لەکوڕێك هەڵگەڕاوەتەوە لە بەر ئەوەی کوڕەکە دەستی بۆ بردووە. دوو ژن لەولاوە پشتی کوڕەکەیان گرتووە گوتویانە کوڕەکە حەقیەتی تۆ پانتۆڵت لە پێیە. بۆ ئەو کچەش وەك دوعا نییە؟ ئێمە رۆژانە سەدان کەس هەربەزمانمان وەك دوعا دەکوژین. دەبێت یاسا دەوری خۆی ببینێ، دەبێت یاسا چاو لە ژنکوژان سووربکاتەوەو ریسوایان بکات دەبێ ژن بەهای خۆی بەیاسا بۆ بگەڕێتەوە.

زنار: لەکۆمەڵگای نێرسالاری هەموو ئەو بەرنامەو پرۆژانەی تێدا لەدایک دەبێت بەشێوەیەک داڕێژراوە لەبەرژەوەندی پیاودابێت، ئەمە رەنگی داوەتەوە لەسەر ئەدەبیش، تۆوەک پێویست هەوڵتنەداوە بە ئاراستەیەکی تایبەت بنووسی، وەک ژنێک هەوڵت نەداوە بە ئاراستیەکی تایبەت بنووسی کە دەرچووبێت لەم کۆیلایەتیە.

تەرزەجاف: بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێم من لەگەڵ هیچ جیاکاریەك نیم، من مرۆڤم و دەمەوێت وەك مرۆڤێك کاری خۆم بکەم و ئەو شتانەی حەزیان لێدەکەم بیانکەم و بیاننوسم، شتێکی سروشتیە کە دواتر ئەگەر ئەو دەقە لە قووڵایی مرۆڤێکەوە راستگۆیانە دەرچێت گوزارش لە خودی خۆی دەکات و سەردەکەوێت ئیتر ئەو مرۆڤە ژن بێت یان پیاو، خۆ پیاویش هەموویان بە چەشنی شێخ رەزا گوزارش لە نێرینەیی و عەنتەری خۆیان ناکەن، لەراستیدا پیاو کۆیلەترە لە ژن، ژن لەماڵەوە کۆیلەی یەك پیاو بێت، پیاوەکە لەدەرەوە کۆیلەی هەزارشتە، بۆیە من وەك مرۆڤێك کاردەکەم و دەنووسم، باوەڕناکەم زمانی پیاوێك ببێتە زمانی نووسینی من چونکە وەك ژنێك بیردەکەمەوە، زۆر ژن هەن داوای جیاکردنەوە ئەدەبی ژنان دەکەن، بەلاّم ئەم بۆچوونانە وەك بۆچوونی ئەو پیاوانە وایە کە لە دیوەخانێك قسەدەکەن، من واهەست ناکەم کەموکوڕیەکم هەبێ لەم باریەوە.

زنار: کاریگەری کام لەو نووسەرانەت لەسەرە کە لەبارەی بزوتنەوەی ژنانەوە دەنووسن.

تەرزەجاف: من کاریگەری کەسم لەسەر نیە، زۆرجاریش بەرهەمە ئەدەبیەکانی نووسەرە ژنەکان دەخوێنمەوە، چونکە هەرچی ژنی ئێمە هەیە شاعیرە، هەر منداڵێك هەڵدەستێتە سەرپێ شاعیرە بەلاّم بۆ ژنان کاریگەری هیچ ژنێکم بەسەرەوە نییە، بەلاّم کاتێك شیعرەکانی(چۆمان هەردی)م خوێندەوە زۆرم پێجوان بوو نەموێرا تەواوی بکەم بۆ ئەوەی کاریگەری ئەوم لەسەر نەبێ، ئەم شێوەکارکردنەش لەفەرهاد فێربووم، فەرهادیش کە هۆگری نووسەرێك بێت بەرهەمەکانی ناخوێنێتەوە تا نەکەوێتە ژێر کاریگەریەوە... بەپێکەنینێکی زۆرەوە.

زنار:تاچەند لە رۆژگاری ئەمڕۆدا راگەیاندن و رۆژنامە کاریگەریان هەیە بۆ وشیارکردنەوەی ژنان بەرای تۆ.

تەرزەجاف: من بۆ ئافرەتی خۆمان وای بۆ دەچم بە خوێندنەوە دەتوانێت ئازاد بێت چونکە لە ناو ژوورێکی داخراو، لە بەردەم مۆمێك دا هەزار دەرگای بۆ دەکرێتەوە، من خۆم ئەمەم تاقی کردۆتەوە، چونکە لە ماڵێکی پارێزگار بووم و سەربەدەرەوە نەبووین لە رێگەی کتێبخانەکەی باوکمەوە هەموو دنیا دەگەڕام، لە بارەی رۆژنامەش ئێمە ئێستا

زۆری و بۆریەکمان هەیە لە ڕۆژنامەو گۆڤاردا بەڵام من وای بۆ دەچم ئەمە قازانجی زیاتربێت لە زیان.

زنار: تێڕوانینێک هەیە کە سروشتی ژن لەرووی بایەلۆژیەوە دەکاتە بیانو بە زەعیف بوونی تواناکانی، رای تۆ لەسەر ئەم بۆچوونە چییە.

تەرزەجاف: من شتێکی وام خوێندۆتەوە دەماغی ژن دەتوانێت لە یەك کاتدا چەندین کار بکات، چێشت لێدەنێت، گوڵەبەرۆژە دەخواتو لە هەمان کاتیشدا چاوی لە زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنە، ئەمە کەمێك دەوری هەیە لە پەرت کردنی تواناکانی، دەماغی پیاویش لە یەك کاتدا لە یەك کار زیاتری پێ ناکرێت بۆیە کاتێك پیاوێك گوێ لە هەواڵەکان دەگرێتو پرسیارێکی ئاراستە بکەیت یان کەمێك کاتی دەوێت تا هۆشی خۆی لە هەواڵەکان دووردەخاتەوە یان هاوار دەکاتو تووڕە دەبێت، چونکە ناتوانێت مێشکی بە دووشت لە یەك کاتدا قاڵ بکات، ئەمەش تواناکانی پیاو سنووردار دەکات هەردو لایەنەکە باشیو خراپی خۆی هەیە، بەڵام ئەو پرسیارەی تۆ ئەگەر لەوەوە هاتبێت کەژن وردیلەترو ناسکترە لە پیاو،خۆ چینیەکان هەموویان وردیلەن کەچی بە کاراتێ فیلت بۆ دەشێلن من بۆ ئەم پرسیارەت دەڵێم تەنها بەڵگەی زانستی دەتوانێت ئەم جۆرە شتانە بسەلمێنێت.

زنار: پرۆسەی خوێندن لەسەرەتاوە تا زانکۆ، یەک جۆرە پەروەردەکردن هەیە، هەست ناکەی خوێندن هیچ کار لەسەر وشیاری کۆمەڵگای کوردی نەکردووە، بۆچی کاریگەری خوێندن لێرە ئەوەندە لاوازە.

تەرزەجاف: من وەك خوێندکارێك لەزانکۆ بووم، ئەوەندە دەزانم زۆربەی مامۆستایانی زانکۆ پێیان سوکایەتییە لەگەڵ خوێندکار قسەبکەن، باشە ئەو مامۆستایەی ئەو بینینە کەمەی هەبێت بۆ قوتابیەکەی دەتوانێت کاریگەری چی لەسەر خوێندکارهەبێت،؟ دەبێت ئەوەشمان بیر بێت وەختێك خوێندکار دەگاتە زانکۆ کەمێك خۆی بونیاتناوە، چونکە تەمەنی گەیشتۆتە (١٨)ساڵ ئەگەر تۆزێك هەولیدابێت گەیشتۆتە قۆناغێك، بەلاّم قۆناغی سەرەتایی تا دەگاتە ئامادەیی ئەوان مامۆستاکانیان نەخوێندەوارترین توێژی کۆمەڵگای ئێمەن، بە داخەوە کە بۆ خۆشم مامۆستام بەڵام ئەمە راستیەکە کە مامۆستا توێژێکی زۆر ترسناکە لای ئێمە. لە لایەکی ترەوە ئەم مەنهەجە نەگبەتو رووتو قوتە دارا دوو داری دی ...قەت نەبوو بە سێ دار..بەپێکەنینەوە... لەوە ناچێت لەم کۆنگرەیەی دواییشدا ببێتە سێ دار!

زنار: ئافرەت لەنێوان کولتوورو ئایندا دەچەوسێتەوە پێتوانییە، پێتوانییە ئایین رەنگدانەوەی لەسەر کولتوورمان هەیە.

تەرزەجاف: ئایین لە سەرەتای دەرکەوتنیەوە ژن رۆڵی زۆر بەرزی تێدا هەبووە تەنانەت لە پاش مووسا چەندین

## زۆر ژن هەن داوای جیاکردنەوە ئەدەبی ژنان دەکەن، بەڵام ئەم بۆچوونانە وەك بۆچوونی ئەو پیاوانە وایە کە لە دیوەخانێك قسەدەکەن

پێغەمبەری ژن هەبوون کە سەرکردە سەربازیەکان پرسو ڕایان پێ دەکردن لەوانە(( دەبوورەو خولدە))کە دەبوورە پلانی سەربازیشی دادەرشتو لە گەڵ سوپا دەردەچوو، بەڵام لە گەڵ هاتنی یەسووع دەبینین لە ئینجیلیش رۆڵی مەریەم زۆر کرچو کاڵەو هەقی خۆی نەدراوەتێ ئیتر واپێدەچێت لەوێوە ژن بووبێت بە پردێك بۆ پیرۆزکردنی پیاو ..دواتریش ئیتر لە ئاینی ئیسلامیش ئەوە ڕوونو ئاشکرایە کە قورئان چەندین لێکدانەوەی بۆ دەکرێتو پیاویش کامەی لە بەرژەوەندی خۆی بێت ئەوە وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر ئێمە ئەم پۆخڵەواتانەی کۆمەڵگەی خۆمان بدەینە پاڵ ئاین ئەوە بە هەڵەدا دەچین ئیسلام بۆ بەردبارانکردنی زیناکار چوار شایەتی گەرەکە، وابزانم لە ئیسلام کچ رەجمی لە سەر نیە تەنها جەلدە، ئەم کولتوورانە رەنگ بێت سەرچاوەیەکیان لە ئاینەوە بێت بەڵام سەرچاوەی سەرەکیان لە کولتووری عەرەبەوەیە کە ئەوان خۆشیان لە نێوان ئەم دوو ئاگرەدا دەسووتێنو کوردیش وەکو گۆرانی یەلبورتوقالە لەوانی وەرگرتووەو سەمای پێوە دەکات! ئەوەی کۆمەڵی ئێمە زۆر پابەندن پێوەی ئایین نییە، مرۆڤی کورد زۆر ئایین پەروەرنییە، بەلاّم ئایین دەکاتە پەردەیەك بۆ مەرامەکانی، ژنەکانیش کە سەرپۆش دەکەنەسەریان، دەڵێن هەموو گەڕەکەکە سەرپۆش دەپۆشن ئابڕوومان دەچێت ئێمەش نەیپۆشین، ئەمەش مۆدێلێکە لەعەرەبەوە فێری بووین لەوەوە فێربووین بازار پڕبووە لە عەبای خلیجیو سەرپۆش، سوریا بۆئیمەی دروس دەکاتو کچەکانی خۆیشی بەڕووتو قوتی دەسورێنەوە، لوبنان بۆ ئێمەی دروستدەکاتو کچەکانی خۆیشی بەرووتی لەسەر بەحرن، هەمووی بۆ شارەکانی کوردستانی دەنێرن، عەیبەکە پەیوەندی بەئایینەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە کولتوورەوە هەیە ئەمەش زیاتر لەشارەکان دا بە زەقی دەردەکەوێت .

زنار: لەوکاتەوەی کەلەگەڵ



د.فەرهادەوە ژیانی هاوسەریت پێکهێناوە چ شتێکی ئەو کاریگەری زۆر لەسەر تۆ هەبووە.

تەرزەجاف: بێمنەتی فەرهادم لەئیدارە زۆرم پێجوان بووە، چونکە فەرهاد دەرفەتی زۆر بۆهاتۆتەپێش، زۆرجار من حەزم کردووە بیکات کە دەرفەتی زۆر گرنگ بووە، بۆ پیاوی تر دەرفەتی زێڕین بووە بەلاّم فەرهاد نەیکردووە، لەم دواییەدا ژنی مامۆستایەکی زانکۆ کەخۆی مامۆستایە لەبەرامبەر ئەم هەڵویستانەی فەرهاد دەیگوت: مێردەکەت پیاوێکی ئاسایی نییەو تەواو نییە. بەلاّم بەرای من فەرهاد مرۆڤێکی زۆرپاكو گەورەیە، ئەو زۆر جەخت دەکات لە سەر ئازادی خۆی حەز دەکەم تنۆكو رۆدان ئەوەی لێوەر بگرنو لەو بچن. (١٢)ساڵە ژیانی هاوسەریمان پێکهێناوە، زۆرشتی گەورەمان بۆهاتۆتە پێش، یەکەم مانگی ماڵدانانمان هێشتا هیچمان دانەنابوو خانمێکی بەرێز جوابی بۆ ناردین کە (( قائیمەیەك)) پێداویستی ماڵی بۆ بنێرین تا بۆمان دابنێت، ئەوە جێگای سوپاسە، ئێمە سوپاسمان کردو نەمانویست.

زنار: لەماڵەوە توڕەیە یان هێمن.

تەرزەجاف: ئەو سەرقاڵە، جار هەیە هەشت کاتژمێر یان زیاتر کار دەکات، جاری وایە زۆر بێدەنگو هێمنە، جاری واشە بە مێشوولەیەك تووڕە دەبێت.

زنار: د.فەرهاد زیاتر حەز لە چ خواردنێک دەکاتو تۆ لەگەڵ خواردن ئامادەکردن چۆنی.

تەرزەجاف: فەرهاد زۆر حەز لەخواردن دەکات، چونکە دایکی چێشتلێنەرێکی باش بووە،حەز لە هەموو خواردنێکی کوردیە بە تایبەتی شێخ مەحشی، بۆ ئەو پرسیارەش من لە گەڵ خواردن ئامادەکردن چۆنم، ئەوە دەبێت خۆی وەڵامی بداتەوە.

زنار: زۆر سوپست دەکەین

تەرزەجاف: سوپاس بۆتۆ...هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم